کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای گەل

بژی سوسیالیزم

ئۆرگانی کۆمیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست

دەورەی تازە ژمارە ٨ جومعە ١ / ٦ /١٣٨١ Aug,23th,2002


## بەرز و بەرێز بێت بیرەوەری پرشنگداری هەزاران زیندانی سیاسی ئیعدامی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧

لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ پاش بریاری خومەینی ، ئینسان کوژانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێککەوتی نۆهەمی خەرمانانی هەمان ساڵدا قەتڵ و عامی زیندانیانی سیاسیان بە شێوەیکی زۆر دڕندانە و بەربلاو و تایبەت بە کۆماری ئیسلامی دەست پێ کرد و لە مەودای چەند ڕۆژدا هەزاران زیندانی سیاسی کە پێشتر لە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی بریاری زیندانیان لە سەر درا بوو و دەورەی زیندانیان تێپەر دەکرد و یان ماوەی زیندانیان دیاری نەکرا بوو و یان لە ئەساسدا دەورەی زیندانیان تەواو کردە بوو و دەبۆایە ئازاد بکرا بان ، کەوتنە بەر زەبری شمشێری خوێناوی دەسەڵاتداران و ئینسان کوژانی کۆماری ئیسلامی و لە قەبرە بە کۆمەڵەکان دا ناشتران ئینسان کوژانی جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی نەیانزانی کە سەرئەنجام ، جەنایەتێکی بەربلاو و بەم شێوە دڕندانەیە هەتا هەتایە حەشار نادرێ و دێر یان زوو ئاشکرا دەبێت و بەرێوەبەرانی ئەم جنایەتەیش عاقیبەت دەگەنە سزای خۆیان. ڕێژیمی دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی کە لە مەودای ٢٤ ساڵ دەسەڵاتداری نگبەت باری خۆی ، شتێک جگە لە شەر ، کوشتار ، زوڵم و چەوسانەوە ، سەرکوت و خەفەقان بە دیاری نەهێناوە ، تاکو ئێستا دەیان هەزار ئینسانی داوەتە بەر دەستەی ئیعدام و هەزاران کەسیتری لە زیندانەکانی سەدەی ناوەراستی خۆی لە ژێر ئەشکنجە و ئازاری وەحشیانە داناوە . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دامەزراندنی دیکتاتوری تیروریستی سەرەتائیترین مافەکانی دێموکراتیك و ئازادیە سیاسیەکانی لە خەڵك ساندووە ، ڕێژیمێك کە لە مەودای شەری دواکە و تووانە ونارەوای هەشت ساڵەی سەدان هەزار کەس لە کۆمەڵانی زەحمەتکێش کردە قوربانی سیاسەتەکانی فراوان خوازانە و دژی مرۆڤی خۆی و بووە هۆی قەیرانی ئابووری تووندی وڵات و هەل و مەرجی ژیان وگوزارانی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوەی خراپتر کرد، بە دوای شکستی سیاسەتی شەرخوازانەی خۆی و خواردنی پیاڵەی زەهر لە لایەن سەرکردەی خوێن ڕێژی واتە خومەینی هەموو هێزو توانای خۆی دژی کۆمەڵانی خەڵك وەگەڕ خست تاکو بە هۆی سەرکوت و خەفەقانی وەحشیانە و بە کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی گەش و هەوای ترستوقاندن بە مەبەستی سەرکوتی جووڵانەوەی پەرەئەستێنەری نارەزایی خەڵك ، بخۆلقێنێ. ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەیارمەتی هەڵگیر ساندنی شەری ناڕوا و دژی ئینسانی خۆی توانی بە سەر قەیرانی ئابووری وسیاسی ناوخۆیی بە شێوەیکی کاتی پەردە داپۆشێ ، لە گەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ و پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگای ئێران مەترسی ڕووخان ئاوای لە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی کرد کە سیاسەتی دژی ئینسانی پاکتاوکردنی وەحشیانەی زیندانەکان و لە ناو بردنی نەیرانی سیاسی لە خەرمانانی ١٣٦٧ هەڵبژێرن تاکو بەم شێوەیە بتوانێ بە یارمەتی باڵی بە ڕواڵەت میانە ڕەو و لە ئەسڵ دا هاوبەشانی جنایەتی ساڵی ١٣٦٧ ، سیاسەتی بە ناو نۆژەن کردنی ئابووری و هاوئاهەنگ بوون لە گەڵ ئابووری جیهانی بە مەبەستی زاڵ بوون بە سەر قەیرانی گیرودەی کۆمەڵگا بەرێوە ببات. هەر لەم کاتەدا بوو کە بە هاوکاری هاوتایانی جیهانی خۆی و بنیاتەکانی ئابووری و تۆجاری جیهانی وەك سندووقی نێونەتەوەیی دراو و دەوڵەتانی ئیمپریالیستی کە لە بەر قازانج و بەرژەوەندی ئابووری چاویان بە سەر جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی پێك هاتوو لە هەر دوو باڵی دا داپۆشی بوون ، توانی جنایەتی خەرمانانی ٦٧ ئەنجام بدات . ئێستایش کە قەیرانی سیاسی ،


بە بوونەی دەسپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن
لاپەرەی ٣,٤

بەشی شەشەمی بەرێوە بردنی بریارەکانی سەدەی ناوەراست
لاپەرەی ٥,٦,٧

یادی سەمەد بەهرەنگی
لاپەرەی ٨

سەبارەت بە دروشمەکانی ئێمە
لاپەرەی ٩

ساڵیادی شاعیری مەزن ئەحمەد شاملو
لاپەرەی ١٠

١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٧
لاپەرەی ١١

ڕۆڵی ژنانی کوردستان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە
لاپەرەی ١٣

کۆرتە مێژووی ڕێکخراو
لاپەرەی ١٤,١٥,١٦

ووشەی سیاسی
لاپەرەی ١٧,١٨,١٩


**کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**

ئابووری ، کۆمەڵایەتی سەر تا پێی دەسەڵاتی ڕزیوی سەرمایەداری دواکەوتووی ئێرانی لە بەر گرتووە و ڕێگای ڕزگار بوونیشی لە فۆرمۆڵەکانی خاتەمی و ڕەوتی ٢ی جۆزەردان نەدۆزیوەتەوە ، شمشێری خوێناوی خۆی وەدەر هێناوە تاکو هەر چەشنە جووڵانەوەی نارەزایی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ، لاوان ، قۆتابیان ، دانشجوویان و ژنان و روشنبیران بە سەرکوت و گرتن و ئەشکنجە و ئیعدام و کوشتار وەلام بداتەوە . لە هەر شوێنێکین بۆ وەرێ خستنی نارەزایی گشتی دژی سەرکوت و خەفەقان و ئیعدام و بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی تێ بکۆشن .

بەرز و بەرێز بێت یادی هەموو هاورێانی قارەمان کە لە پێناو ئازادی و سوسیالیزم ، لە بەرانبەر وەحشیگەری جەلادان چۆکیان نەدا و بە پێشکەش کردنی خوێنیان موژدەی سەرکەوتن و ئازادیان دا .

****************************************

****************************************





**هێمن ئا...ی دایکی من ، هێمن**

**بێڵە هەتا کازیوە هەڵ بێت**

**بێڵە با کازیوە بیبینێ**

**پشتی من بە دارەوە**

**بێڵە هەتا هەڵگیرسێ ( ئاگر )**

**بێڵە هەتای ئەستێرە بهاوێژێ**

**وەکو شێت بێڵە لە کاکێشانی خوێن**

**خوێن بڵێسە بدات**

**بێڵە باخی خوێن**

**لە سەر خاکی گوللە باران**

**پەڕ پەڕ بێت**

**بێڵە تۆوی ( گوللە )**

**وەك دارستان شین بێت لە ڕۆژی خوێن**

**نەعرەتە بکێشێ**

**ئەم تۆوە لە خۆڵ دا نامێنێ**

**لە دڵی خاك دا دەپشکوێ وەك بەرق**

**لە سەر فەلات تێ دەپەڕێ وەك بریسکە**

**خوێنە ، دەمێنێتەوە و بەس**

**فیدایی شەهید : سەعید سوڵتانپوور**

# به بۆنەی دەس پێ کردنی خوێندن و کرانەوەی قوتابخانەکان

لە گەڵ هاتنی مانگی ڕەزبەر ، ساڵی خوێندنی نوێ دەس پێ دەکات . جارێکی‌تر ملیونەها کەس لە ڕۆڵەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرەو قوتابخانەکان بەڕێ دەکەون . بە هیوای ئیمکانی وەرگرتنی زانست هەنگاوێکی‌تر هەڵدەگرن . ئەگەرچی لە وڵاتی ئێمەدا ، ساڵەهایە کە ڕێگای خوێندن و وەدەست هێنانی زانستی مرۆڤایەتی و فێربوون لە دەسکەوتەکانی ئەو ، لە گەڵ بەربەستی جیددی ڕووبەڕووە و قوتابیان و زانکۆیەکانی وڵاتی ئێمە ، لە هەمان هەنگاوی یەکەم دا کە لە گەڵ بەربەستێکی یەکجار زۆر کە لە دەسەڵاتی دواکەوتوو و سەدەی ناوەڕاستی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕوو دەبن . دەسەڵاتی دواکەوتووانەی ئائینی داسەپاو ، سێبەری مەینەت باری خۆی بە سەر هەموو قوتابخانەکان بلاو کردوتەوە و لە هەوڵ دایە بۆ پاراستنی سیستەمی چەوسێنەرانە و ستەم کارانەی داسەپاو جەهل و خورافاتیان بە شێوەی جۆر بە جۆر وەك ئامرازی پووچ کردنەوەی دەست کەوتەکانی مێژووی مرۆڤ و دەشاردانی ڕاستیەکان لە لاو تازە لاو و ئەوانەی کە دەبێ داهاتووی کۆمەڵگای ئێمە پێك بێنن دەکاتە مێشکیان لە گەڵ لێکۆڵینەوە لە سەر بیرو بۆچون و خولقاندنی گە و هەوای خەفەقان و ترس لە شوێنە پەروەردە ییەکان ، ڕێگای پێشکوتنە تواناکانی فێربوون و گەشەی خولقێنەرییان بەر بەست دووە و لە سەر ئەساسی ئەم زەمینەیە لە هەموو دەزگاکانی کۆنترۆڵ و ئەمنیەتی و پۆلیسی بەربلاوی خۆیان کەڵك وەرگرتن و هێزی گەوری قووتابیانی ڕێگای زانستی وڵات بۆ بە ڕەوپێش بردنی سیاستەکانی دواکەوتووانەی خۆیان بە کار دێنن . لە مەوای شەڕی هەشت ٨ ساڵەدا ناوەندی پەروەردەیی یە کێك لە گرینگترین سەر چاوەکانی دابین کردنی هێزی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژی پێدانی شەڕی دواکە و توانە بوو . لە هر قوتابخانە یك وێنەی سەدان لەس لە لاو تازە لاوان و لە سەر دەرو دیوارەکاندا هەڵاوسرا بوو کە لە مەیدانەکانی مین دا پارچە پارچە کرابوون لە ئاگری شەڕدا هەزر بوون و لە بەهاری نوێی ژیانی خۆیان ، بوونە قوربانی ئامانجە پیسەکانی کۆماری ئیسلامە ئەمانە و هەزاران نموونەی‌تر کە ڕوون و ئاشکرای جینایەتەکان قەرە بوونە بو بوونەوەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی و ئاکامی وەدەست هاتوو لە پەروەردەیەکانی دواکەوتوانە و دوور لە ڕاستی لە ئەوان لە قوتابخانەکانی وڵاتە .ناردنی سەدان هەزار قوتابی بەرەو لای بەرەکانی شەڕ و فریوی ئەوان بە بەڵێنی بەهەشت بوونە گۆشتی دەمی توپ !
ئەم ساڵیش وەك چەندین ساڵی ڕابردوو ، کردەوەکانی دوا کەوتووانەی ڕێژیم لە ماوەیکی زۆر پێشتر لە دەست پێ کردنی ساڵی خوێندنی نوێ ، شەقامگیر کردنی زۆدتر و کونترۆڵی پۆلیسی بە سەر قوتابخانەکان دەست پێ کراوە . لە گەل ئەویش دا پەروەردە دوور لە زانست لە کتێبەکان دا باو کردووە ، کە لە ساڵەها پێش وای کردووە ،جەلادە پیشەکانی ڕێژیم بۆ گرتنی قوربابیانی نوێ ، بۆ دابین کردنی مێزی دەزگای سەر کوتیان ،لە قوتابخانەجێگیر کراون تاکو بە خوێنی تازە کە لە قوتابخانەکانی وڵات دا ڕژاوە ، دەسەڵاتی نە فرەت لێ کراو ورەزیوی خۆیان لە مەتری ناو چوون بپارێزن.



ئە گەرچی ئەم ساڵ بو چواردە ساڵە کە شەڕ بە کردووە ڕاگیراوە ،بە لام هەوڵی دەسەڵات دارانی دوا کەوتوو بۆ ڕاکیشانی هەر چی زۆرتری هێزی لاو تازە لاوی کۆمەڵگا بەرەو لای ئورگانەکانی سەرکوتیان بەردەوام درێژەی هەیە چەکدار کردنی لاوان و بەرێکردنیان بۆ بنکە سەربازی و ناوەندە نیزامیەکان ڕاکێشانی ئەوان بۆ ناو شەقامەکان و کردنیان بە ئامرازی سەرکوتی بۆرژوازی دەسەڵاتدار وجێگای پەروەردە و فێر کردنی ئەوانەی کە قوتابخانەکانی دووەتە ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی، بەسیجی ، قوتابیان (برایان و خووشکان ) لە قوتابخانەکاندا بوونە تە هۆکاری سەرکوت و خەفەخان لە ناو خۆی قوتابخانەکان، ئامرازی بەرەوپێش بردنی سیاسە تەکانی دواکە و توانەی کۆماری فاشیستی ئیسلامی بواری تەواوەکەری سیاسەتەکانی پەروەردەیی ئەوانە.
قووتابیان، دانشجوویان ،مامۆستایانی خەباتگێر !لە حالێکائیۆە بەرەو ناوەندە پەروەردەییەکان دەچەن کە ملیونەها کەس لە هاوچارە نووسانتان

به هۆی هەزینەی گرانی خوێندن و زیندانی بوون و یان به تومەتی دژی شۆڕش له و ناوەنده پەروەردەیی و فێرکردنانه دا بێ بەشن . له هەل و مەرجی دلته زێنی ژیان و بارودوخی ناله باری زۆر بەی کۆمەڵگا ونه بوونی ئیمکاناتی سەرتایی ژیان ، به شێکی گرێنگ له هێزی لاوی کۆمەڵگای ئێمەی له پەروەردەی سەره تائیش بێ بەش کردووه. ئەمرۆ له لایه کەوه ، بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی ولات له قۆتابخانه بێ بەشن ، له لایکی تروه له و ناوچانەی که ئاوا ئیمکانا تیکیش هەیه به شێکی گەوره له مندالانی کرێکار و زەحمەتکێشانی ولاتی ئێمه له هەل و مەرجی مەنەت باری ژیان له ئیمکانی خوێندنی سەرەتائیش له قۆتابخانه بێ بەش کراون .ئەمرو کەم نین ئەو لاوانەی که ناچارن بۆ دابین کردنی کەمترین مەعاشی خۆیان وبنه ماڵەکەیان دژوارترین و تاقەت پروکێنترین کار تەحەموول بکەن هەتا پارو نانێك وەدەس بێنن . هەزینه سەر سوور هێنەرەکانی خوێندن ، گرانی لە رادە بە دەر سەرەتایی ترین ئامرازی پەروەردەیی وەك: دەفتەر ، کتیب ، قەلەم گرتووه هەتا باج وەرگرتنەکانی رێژیم ناسراو به ئەنجوومەنی ئەولیا و مامۆستایان لە قۆتابخانەکاندا هۆیێکی تره بۆ هاندرانی رادەی زۆری مندالانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ دەر چوون له قۆتابخانه و راکێشان بەرەو لای بازاری کار . کۆماری ئیسلامی تائیستا نه تەنیا لە سەر باری دەردو چەلەمەی ئەم قوربانیانه و هەژاری و نگبەتی داسەپاو به سەر کۆمەڵگای ئێمه رۆژ به دوای رۆژ زیادی کردوه . هەروەها به شێکیی زۆر گەوره له قۆتابخانەکانیان دابین کردووه بۆ (بەشی تایبەتی ) به واتای ئەوەی که سەرمایەدارانی تالان چی دەس رەنجی کۆمەلانی خەلك ، ناوەندی پەروەردەیش بۆته سەر چاوەی تالانی هەر چی زۆرتری دوایین قەرانی بن گیرفانی کرێکاران و زەحمەتکێشان

له هیچ کەس شاراوه نیه که کۆماری ئیسلامی له کاتی شەڕی دواکه توانەی هەشت ساڵه دا تەنیا بیانووی به فریودانی خەڵك ئەوه بوو که هەموو ئیمکاناتی کۆمه لگا تەرخان کراوه نۆ شەڕی پاش شەڕ ، بیانوویان ئەوه بۆ که له کاتی چاك سازی وێرانیەکانی شەڕ داین . هەر له پشتەوەی ئەم پیلانانه دا بوو که هەموو نه یارانی سیاسی و یان ته نانەت ئەوانەی که بێ ئەوەی پەیوەندیان به رێکخراوێکی سیاسیەوه هەبیت تەنیا به هۆی ئەوەی که له لایی کەسەیان که سانێك له و بارو دۆخه نارازی بووه یەکه به یەکه یان به کۆمەڵ هەموویان ئیعدام کران . رێژیم له ساڵی ١٣٦٧ەوه بەرەو ئەم لا به باشی دەیزانی که ئەگەر چاره سەرێك نەدۆزیتەوه زۆر دەوام ناهێنێ و دەبێ بارو بنەیان بپێچنەوه هەر بۆیه پیلانیکی تازەیان دارشت ، خاتەمی کۆنه جەلادی رێژیم و یەکیك له بەرپرسانی کۆشتاری خەرمانانی ساڵی ١٣٦٧ ی زیندانیانی سیاسی و تازه رووناکبیری دەسەموی دەسەلاتی رزیو و لایەنگرانی نیونەتەوەیی بوو که له هەڵبژاردنی ٢جۆزەردانی ١٣٧٦به دروشمی فریو کارانه و تایبەت به خۆیان و هەروەها پشتیوانی ئوپوزیسیونی لایەنگری حاکمیەت له دەرەوەی دەسەلات و لایەنگری دەوڵەتان و بنیاتەکانی ئابووری و دراوی نیو نەتەوەیی خاوەن قازانج لەم ناوە دا توانی سەرۆك کۆماری وەدەس بگرێت و ببێته ئامرازێکی کاتی بو رزگار کردنی سیستەمی رزیو له قەیرانی سیاسی ، کۆمەلایەتی ، ئابووری گیرودەی له ماوەییکیتردا.سەرکوت کردنی خۆ پیشاندانەکانی خەلك که زۆربەی هەره زۆری سازدەرانی لاوان و دانشجووەکان بوون گرتن و کوشتنی ئەوان .بووه هوێ ئەوەی که دانیش جووەکان هاتنه سەر شەقامەکانی تاران کۆلەکەکانی رێژیمی هەژاند. داخستنی زۆر بەی رۆژنامەکان ، تالان کردنی سامانی گشتی له لایەن دەسەلات دارانەوه ، وەك کەرباسچی سەرۆکی شارەوانی تاران ، یان شارامی جەزایری عەرب ،یان دزی ١٢٣ میلیارد تمەنی رەفیق دوست و هاودەستانی هەموو ئەمانه بەلگەی زیندووه خۆپیشاندانی مامۆستایانی قۆتابخانەکان و قۆتابیان که ئەویش درندانه سەرکوت کرا.

ئەمرۆ کۆمەلگای ئێمه گۆرەپانی رووداوێکی گرێنگه ،رووداوێك که چارەنووسی رێژیمی ٢٤ساڵی کۆماری ئیسلامی دیاری دەکات ،ئاکامەکانی ساڵەها خەبات دژی ئەم رێژیمه دیاری دەکات .خۆپیشاندانی کرێکاران له شارەکان و مامۆستایان و راپەرینی دانشجووەکان و سەرجەم توێژەکانی چەوساوه مەترسی مەرگ و نەمانی خستە ناو جەستەمی رێبەرانی سیستەمی سەرمایەداری دا سەپاو سەرمایەداران و به کرێگیراوانی ناوخۆ و دەرەوەی ئەم دەسەلاتە گەندە لە .بۆیه به دەس پێ کردنی ئەم جوولانەوەیه کۆمەلان خەلکی راپەریو خۆیان له بەرانبەر هێرش نیزامی دەسەلاتی سەرکوت گەوره ودرەندەی سەرمایەداران بینی . هەروەها نارەزیەتیەکانی ، مامۆستایان ،دانشجووان ، قۆتابیان ن لاوان و توێژی رۆشنبیری کۆمەلگا دەبێ تێ بگەن که داخوازیەکانیان له گەڵ داخوازی چین و توێژەکانی تری چەوساوەی ئێران ، واته کرێکاران و زەحمەت کێشان پەیوەندیی هەیه و جوولانەوەی ئەوان له پەیوەندیی پتەوتریان له گەڵ کرێکاران و زەحمەت کێشان به هێزتر دەبێ و له و کاته دایه که داخوازیەکان سەربەخۆ دەبن ،

جوولانەوه بەردەوام دەبێ و لە پشتیوانی هێزیکی گەورەی کۆمەلایەتی واتە هێزی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە هەرمەند دەبێ ئاسوی سەرکەوتن نێزیك و نێزیکتر دەبێ .



**ریکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست ، رووخاندنی کۆماری ئیسلامی وەك گەورەترین پاڵپشتی سیستەمی سەرمایەداری دەسەڵاتدار لە ئێران و سەرسەختترین دوژمنی ئازادی چینی کرێکار ، و دامزراندنی کۆماری فیدراتیوی شوورایی بە جێگای ئەو ، بە ئەرکی خێرای خۆی دەزانی .**

**کرێکاران ، زەحمەتکێشان ، لاولن ، ژنان ، قۆتابیان ، و سەرجەم چین و توێژی بن دەستی کۆمەڵگای ئێران ، بۆ وەدی هێنانی کۆمەڵگایکی ئینسانی و بێ چەوسانەوە وەرنە ناو ریزەکانی ریکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست .**

(بەشی شەشمی بەرێوه بردنی بریارەکانی سەدەی ناوەراست لەم سەدەیەدا)

## پێك هاتی سەرەکی کومیتەکانی مەرگ (دادگاکانی چەند چرکەیی)

ئەلف–دادستانی گشتی و یان یەکێك لە جێگرەکانی دادستانی گشتی .

لە تاران ئەشراقی دادستانی گشتی و یان بەرپرسی جێگری ئەو لە شارستانەکان دادستانی شۆرشی ئیسلامی هەمان ناوچە یان دادیاری زیندان بوون .

ب– یەك نەفەر حاکیم شەرعی دادگاکانی شۆرش .

لە تاران بە گشتی حاکیم شەرعەکانی تر بریتی بوون لە یونسی– ناصری راونده و لە شارستانەکان حاکیم شەرعەکانی ئەو شاره .

پ–نوێنەریك لە وزارەتی ئیتلاعات

رەی شەهری وەزیری ئیتلاعات و جێگرەکانیشی بریتی بوون لە مستەفا پوور مەحمەدی ، عەلی فەلاحیان ، سەعید حەجاریان ، عەلی رەبیعی و بە گشتی مستەفا پوور مەحمەدی لە کومیتەی ئیوین و گەوهەردەشت ئامادە بوون ، لە شارستانەکان بەرێوەبەری گشتی ئیتلاعات یان فەرماندەی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران بوون .

بەرنامەی ئەسلی :

سەرکردەکان و تیوریسیەنەکانی باڵەکانی جۆراوجۆری رێژیم و ئەنجوومەنی حوجەتیە و خومەینی لە بەرنامە دارێژەرانی ئەسلی دەژمێردرێن ، لە دانانی بەرنامەی هندێك لە فێرکەرانی زانکۆکان و حەوزەکانی زانستگەی (مەزهەبی) و رێکخراوەکانی ئیتلاعاتی هندێك لە وڵاتان هاتنە یارمەتی رێژیمەوه .

هێزەکانی ئەسڵی و رووی پەردەی رێژیم بریتی بوون لە :

خومەینی وەلی فەقیح و رێبەری کۆماری ئیسلامی ، مونتەزری جێگری رێبەر ، هاشمی رەفسنجانی سەروکی پەرلمانی ئیسلامی و فەرماندەی شەر ، خامنەیی سەروك کۆمار و فەرماندەی شەر ، ئەندامانی شوورای پاراستنی یاسای ئەساسی ، کەروبی رێبەری کۆری پیاوه ئایینیەکانی خەباتگێر و بەرێوه بەری بنیاتی شەهید ، رەی شەهری وەزیری ئیتلاعات ، موسەوی ئەردەبیلی بەرێوه بەری دیوانی بەرزی وڵات ، موسەوی خوئینیها دادستانی شۆرشی ئیسلامی و رێبەری دانشجووانی پەیرەوی خەتی ئیمام ، ئەحمەد خومەینی راوێژکاری بەرزی خومەینی ، مەهدەوی کەنی لە پیاوانی ئایینی خەباتگێر ، عەسگرە ئەولادی مۆسولمان لە بەشەکانی بازار و رێبەری هیئەتەکانی مۆتەلفە ، لاجەوەردی دادستانی شۆرشی ئیسلامی ئیوین ، موحسین رەزایی فەرماندەی سوپای پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی ، میر حوسین موسەوی سەروك وەزیران ، ئایەتولڵا گیلانی .

## زیندانیانی سیاسی دەتوانین بەم چەشنەی خوارەوه ریزبەندی بکەیین :

١–هەموو ئەندامان و لایەنگرانی رەوتەکانی چەپ و رادیکاڵ بە تایبەتی فیدائیانی گەل و ریکخراوی موجاهیدینی خەڵك کە لەهەڵوێستی رێکخراوی خۆیان دیفاعیان دەکرد ، درانە بەر دەستەکانی ئیعدام .

٢–ئەو زیندانیانەی کە بریاری زیندانیان تەواو ببوو و بە هۆی قبووڵ نەکردنی وت و وێژی ویدیویی کە هێشتا لە زیندانەکانی رێژیم مابوونەوه (میللی کێشەکان ) برانە دادگاکانی رێژیم و تاقمێکی زۆریان لێ ئیعدام کران .

٣–زیندانیانی سیاسی ئازاد کراو و پەیوەندی دار بە ڕەوتەکانی سیاسی دژی ڕێژیم دەبوونە دوو دەستە :

ئەلف– تاقمێك کە هەر ڕۆژ و یان هەر هەفتە و یان چەند ماوە جارێك دەرۆیشتنە ناوەندەکانی ئەمنیەتی و دادستانی و خۆیان دەناساند ، گیران و درانە دادگاکان و تاقمێکیان لێ ئیعدام کران .

ب– تاقمێك لە زیندانیانی سیاسی هەستیان بە مەترسی کرد و خۆیان حەشار دا و لە خۆ ناساندن خۆیان پاراستە بوو .

دەسەلاَت بە گۆشار خستنە سەر بنەماڵەکانیان و بە دوای وەعد و بەڵێن و فریوکاری دەستیان گەیشتە تاقمێك لەوان و دایانە دەستی جەلادەکانیان . شاهیدیکم پێ شك دێت کە هێزەکانی ئەمنیەتی بە ڕۆیشتنە لای بنەماڵەکانیان دوو برا کە لە خۆ ناساندنیان خۆ پاراستبوو بە وەعد و بەڵێنی زۆر ، بنەماڵەکانیان خستە ژێر زەختی دەروونی و دەتوانن دوو براکە بە دەست بێنن و بیسپارنەیانە دەستەی ئیعدام . یەکێك لە براکان لە بەرانبەر پارانەوەی دایکیان دەڵێ : من ئەم ڕێژیمە باش دەناسم ، ئەوان بە کەس ڕەحم ناکەن و هەموو قسەکانیان درۆیە ، بەلاَم چوون ئێوە دەتانهەوێت ئێمە خۆمان دەناسێنین ، بنەماڵەی زیندانیەکان بە دوای ناساندنی کۆرەکانی خۆیان دەرۆنە زیندان و لە گەڵ جل و بەرگ و ناونیشانی قەبری کۆرەکانیان ڕوو بە ڕوو دەبنەوە و بە دوای ئەم ڕووداوە بنەماڵەکەیان تووشی نەخۆشی دەروونی و ڕۆحی توند دەبنەوە .

٤– زیندانیانی سیاسی کە لە زیندانەکان دەبنە دوو دەستە :

ئەلف – ئەو زیندانیانەی کە لە قۆناخی لێکۆلینەوە و یان لە قەرەنتینە بوون و لە دادگاکان تاقمێکی زۆریان لێ ئیعدام کران .

ب– زیندانیانی سیاسی کە خەریکی تێ پەر کردنی دەورانی زیندانی بوونیان بوون ، دەتوانین بکەینە چوار تاقم :

١ – ئەو زیندانیانەی کە بڕیاری ئیعدامیان لە پێش دا دەر چووە و بۆ وەرگرتنی موقابلە و پاکانە کردن ڕاگیرا بوون ، درانە بەر دەستەکانی ئیعدام . لەم ناوەدا تەوابەکانیش ئیعدام بوون .

٢– گرووپێك کە بێ هەڵوێستی تەشکیلاتی بوون و یان لە لایەن ڕێژیم ناسراو بوون ، لە گەڵ ڕەوتەکانی شووڕایی و کرێکاری دژ بە ڕێژیم درانە دادگاکان و هەندێکیان ئیعدام کران .

٣–ڕەوتەکانی حیزبی توودە و ئەکسەریەت بە هەڵوێستی سیاسی لایەنگری لە ڕێژیم درانە دادگاکان و هەندێك لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەم ڕەوتانە وەك مەحاریب ، کافر و مورتەد ئیعدام کران .

٤– گرۆپەکانی ڕەوتی لایەنگری بیرو بۆ چوونی دوکتور شەریعەتی لە زیندانیانی تر جیا کران و لە ئامووزشگا زیندانی کران و تا ئەو جێگایە کە بزانم نەدرانە دادگاکان .

کردەوەی ڕێژیم لە شارەکانی گەورەی دیکەش تا ڕادەیێك هاوئاهەنگ لە گەڵ پایتەخت بوو و لە هەندێك لە شارەکانی بچووك بۆ بەرگری لە ئەگەری ڕاپەرینەکان و بە دواهاتی چاوەڕوان نەکراوی ئەو ، زیندانیانی ناردە شارە گەورەکان و درانە دادگاکانی ڕێژیم و زۆربەیان ئیعدام کران .

شێوەی کاری کومیتەکانی پاکتاو کردنەوەی زیندانەکان ( کومیتەکانی مەرگ ):

دادگاکانی چەند چرکەیی و بڕیارەکانی لە پێش دیاری کرا بوو و لە گەڵ ترس و تۆقاندن و لە ١ووری داخراو پێك دەهات .

زیندانی هیچ جۆرە مافی دیفاع لە خۆی نەبوو و دەبۆایە بە پرسیارەکانی حاکیمی شەرع وەلام بداتەوە . بڕیاری کۆتایی دادگا لە سەر ئەساسی وەلام بە پرسیارەکانی دیاری کراو و ڕاپورتەکان و ڕای زیندان بانەکان دەدرا . پرسیارەکان بە لە بەر چاو گرتنی ڕەوتەکانی مەزهەبی و نامەزهەبی بە شێوەی خوارەوە بوو :

ئەلف: پرسیارەکانی ڕەوتەکانی مەزهەبی و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵك :

١–ئایا ڕێکخراوی مونافقینت قبووڵ هەیە .

٢–ئایا ڕێکخراوی مونافقین مەحکووم و لە موقابلە دا بەشداری دەکەی .

٣–ئایا ئیمام و کۆماری ئیسلامیت قبووڵ هەیە .

٤–ئایا تەواب و یان پەشیمانی و ناوی مونافقین و مەحاربەکان دەدەی .

٥–لە چالاکی دژی مونافقین و ئیعدامی مونافقین بەشداری دەکەی .

ئەندام و لایەنگرانی موجاهیدینی خەڵك ئەگەر بەیەکێك لە پرسیارەکانی سەرەوە وەلامی ڕازی کەری دادگایان نەدایە بێ دەرەنگ بڕیاری ئیعدامیان دەدرا ، تەنانەت کەسانێك کە لە پێنج پرسیاری سەرەوە ڕزگاریان بوو ، بڕیار سەبارەت بە ئەوان بە پێ ڕاپورتەکانی زیندان و ڕای زیندان بانەکان دەدرا و لە ئاکام دا ڕادەیێکی زۆر لەم کەسانە ئیعدام کران .

ب– پرسیارەکانی ڕەوتەکانی نامەزهەبی بە تایبەت فیدائیانی خەڵك

١–ئایا ڕێکخراوەکەت قبوولّ هەیە (سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی دژ بە ڕێژیم ) .
٢–ئایا ڕێکخراوەکەت مەحکووم و لە موقابلە دا بەشداری دەکەی .
٣–ئایا موسڵمان و یان مەزهەبێکی دیکەت هەیە و یان کۆمۆنیستی .
٤–ئایا باوك و دایکت موسڵمانن و نوێژ دەکەن و خۆت نوێژ دەکەی .
٥–ڕای تو سەبارەت بە وەلی فەقیح و کۆماری ئیسلامی چیە .

وەزعی لایەنگران و ئەندامانی ڕەوتەکانی سیاسی چەپ بە وەلامدانەوە بە پرسیارەکانی سەرەوە و ڕای زیندانبانەکان دیاری دەکرا . زۆربەی لایەنگران و ئەندامانی ئەم ڕەوتانە وەك مورتەد ، کافر ، موحاریب دژ بە خوا و وەلی زەمان و خراپە کار لە سەر زەوی ئیعدام کران . کەسانێك کە هەڵوێستی تەشکیلاتیان نەبوو و ئەندام و یان لایەنگری گروپەکانی سیاسی نەبوون درانە دادگاکان ، و پرسیارەکانی بۆچوونی و سیاسی لێیان دەکرا و هەندێکیان ئیعدام کران .

پێویستە ئاماژە بکرێتە خاڵێ چوارەم لە پرسیارەکانی سەرەوە تاکو ڕوانگەی ڕێژیمی مەزهەبی جوانتر دەرکەوێ:

ئەلف– کەسانێك کە لە مەزهەبی ئیسلام دەرچوونە ، مورتەد دەناسرێن .

ب– کەسانێك کە موسڵمان بوونە و بۆ جارێکی تر لە ئیسلام دەرچوون ، مورتەد دەناسرێن .

پ– کەسانێك کە لە دایك و باوکی موسڵمان بوونەتەوە و خۆیان موسڵمان نین ، مورتەد دەناسرێن .

ت– کەسانێك کە موسڵمان و یان لە دایك و باوکی موسڵمان بوونەتەوە و نوێژ ناکەن ، ئەگەر بە ئاشکرا ئاوا بکەن مورتەد دەناسرێن .

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای دادگاکانی سەدەکانی ناوەڕاست یان باشتر بڵێن کومیتەکانی مەرگ لە ماوەی چەند ڕۆژدا هەزاران ئینسانی بە نهێنی دادگایی و دایانە بەر دەستەی ئیعدام ، کە هێشتا زانیاری دروستێك لە ڕادەی ئیعدامیەکان لە بەر دەست نیە .

ئەوەی کە ئاشکرایە ، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی توانی ریکوردی جیهانی بێ ڕەحمی و دڕندەیی لە جیهاندا بشکێنێ و ئالاهەڵگری خوێن مژترین ڕێژیمی دونیا بێت .

لە گەڵ وەدەر خستنی جنایەتەکانی ڕێژیم و پەرەگرتنی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی و نارەزایی مونتەزری بە نیسبەت ئیعدامەکانی کوێر کوێرانە کە بووە هۆی لابردنی لە جێگری پلەی ڕێبەری و هەروەها نارەزایی بنەماڵەکانی زیندانیانی سیاسی و بیر و ڕای گشتی نێو نەتەوەیی ، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤی ئوروپایی ناچار بە هەڵوێست وەرگرتن بوون وئەم کردەوە وەحشیانەیانە مەحکووم کرد . هەموو ئەم هۆکارانە بووە هۆی پاشەکشەی ڕێژیم و زۆربەی ئەو کەسانەی بڕیاری ئیعدامیان درا بوو بە شێوەیکی کاتی لە ئیعدام ڕزگاریان بوو و لە سلولەکانی تاکەکەسی ڕاگیران .

ڕێژیم دووبارە بەرنامەی تازەی دارشت و پاشماوەی زیندانیانی بردە بەندەکانی گشتی . زیندانبانەکان و نوێنەرانی وزارەتی ئیتلاعات رایان گەیاند کە ئێمە ئوپوزیسیونی کۆماری ئیسلامی تەحەمول ناکەین و دەبێ زیندانەکان چۆڵ بکەین . وا بیر نکەن لە بەرانبەر ئەوانەی تر پاشەکشە کردووین و ئێوە ئیعدام نەکردووین . ڕێژیم لە بەر ناچاری و کەم کردنەوەی زەختی بیر و ڕای گشتی ناوخۆیی و دەرەوە و چارەسەری دژایەتیەکانی ناوخۆیی بەرنامەیێك بە بەڕێوەبەرایەتی وزارەتی ئیتلاعات جێ بە جێ کرد . بەرنامەکە بریتی بوو لە : ڕاگەیاندنی پەیرەوی کردن لە خومەینی و لایەنگری لە کۆماری ئیسلامی و دووری کردن لە ئوپوزیسیونی ڕێژیم و ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ بە رێپیوان و جێ بە جێ کردنی موقابلەی ویدیویی بە قازانجی ڕێژیم .

پرسیار : لە رێپیوان بەشداری دەکەی و موقابلە دەکەی .

پرسیار بۆ هەموو زیندانیانی سیاسی ، مەزهەبی و نا مەزهەبی ، سەر بە ڕێژیم و دژ بە ئەوان یەك جۆر بوو و لە بەرامبەر وەلامی بەڵێ ، دەگەرانەوە ناو بەندی گشتی و چاوەڕوانی رێپیوان دەکردن .

لە بەرامبەر وەلامی نە ، دەچوونە سلولەکانی تاکەکەسی و هەر رۆژ زەختی دەروونی بە سەر ئەوان زیاد دەکرا . هەندێکیان لە دەرفەتێکی ڕەخساو ئیعدام و ڕادەیێکی زۆر کەم لەواندا لە ئیعدام رزگار بوون و ئازاد کران . ڕێژیم هەموو زیندانیانی ئازاد کراوی لە لایەن ناوەندەکانی ئەمنیەتی و بڕیاردەر خستە ژێر کونترۆڵ و چاوەدێری توند و تیژ .

بەم شێویە ڕێژیم سەرەرای ناکۆکی و قەیرانەکانی قوولی ئابووری و کۆمەلایەتی و بەرێوە بردنی سیناریوی کۆشتاریبێ ڕەحمانەی زیندانیانی سیاسی ، چووە ناو دەورەی دە ساڵەی دووهەم دا .

((بەشی هەفتەم لە ژمارەی داهاتوو))





## یادی سەمەد

## موعەلی نەسڵەکان

## هەتاهەتایە زیندووە !

بیست ساڵ لە مەوبەر ، لە شانزدەی خەرمانانی ١٣٤٧، سەمەد لە ئاوی ئاراس دا گیانی لە دەست دا . هەواڵی لە ناو چوونی سەمەد کە لە و کاتە دا خولقێنەریکی ئاست بەرز بوو ، لە هەموو جێگابێک بووە هۆی سەر سوور مان و ناباوەری جەماوەر ، هەواڵەکە راست بوو ، سەمەد جاریکی تر بە کتێبی زۆر و سیمایکی روو خۆش نەگەراوە بۆ کوێرە دیەکانی ئازەربایجان. بەڵام ناو و یادی سەمەد لە پەروەردەکانی مەزنی لە میراتی بێ وێنەی، هەموو سنوورەکانی بەزاند و بووە چەکی تێگەیشتن و وریایی نە سڵەکانی پەرە ئەستێنەری کۆمەڵگا و سەمەد وەک موعەلی مندالان و تازە لاوان ، لە خەبات دژی هەژاری و بێبەشی ، دژی بێ عەداڵەتی کۆمەڵایەتی ، جاودان مایەوە. رخنەی قوولی داستانەکانی سەمەد تەنیا بە نەسلی لاوی ئەو دەورانی ئەو ، بەر بەست نەکرا، ئەم رخنە نەسڵەکانی دوای سەمەدیش لە بەر گرت و بە تێپەر بوونی زەمان ، بوارەکانی پەرە ئەستێنەری بزووتنەوەی شۆرشگێرانە ناوی سەمەدی بە رەوتی خەباتی چینایەتی وەک موعەلی رۆڵەکانی بێ بەشان بە شێوەیکی تەواو پەیوەند دا . ئەمروکە کەمتر کەسێك دەتوانین ببینین کە نووسراوەکانی سەمەدی نەخوێندە بێت ، و لە رێگای ئەوانە دا ئارەزو و خواستەکانی خۆی نەناسی بێت.

مایەی ئەسڵی کاری سەمەد ، لە نووسراوەکانی کورت ، سادە ، بەڵام پڕ ناوەروکی ئەو ، بە خشینی تێ گەیشتنێکی بنەرەتی لە هۆکاری هەژاری و بێ بەشی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکانی چینایەتی ، و هەروەها دانانی رێگای رزگاری لەم مەینەتانە بە نازکترین شێوەی مومکینە .پەیگیری ئارەزووەکانی کۆمەڵانی خەڵك و کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ئەو جیهانەی کە بە هەموو گەندەڵەکانی هەر لە سەرەتاوە دەست و پێ رۆڵەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی بە زەنجیر دەبەستی ، پاشان دانانی رێگای رزگاری لەم بەند و زەنجیرانە ، ناوەرۆکی هەموو داستانەکانی ئەو پێك دێنێ . سەر ئەنجامی ئاوا کارێکی مەزن ، بە بێ تێگەیشتنێکی بنەرەتی و لە بوارەکانی جۆراوجۆری ژیانی کۆمەڵانی ملیونی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتی ئێمە ، بە بێ پێداچوونەوەی عەینی ژیانی کۆمەڵایەتیان ،مومکین نەبوو و سەمەد لە مەوادی ژیانی هەر چەند کوزت خایەن بەڵام پڕ لە سەمەرەی خۆی ، چرکە یێکیش لە تێکوشان لەم رێگایە رانەوەستا. هەر ئەم راستییش سەمەدی کردە ئاوینەی رەنگدانەوەی گوشەیێك لە ژیانی کۆمەڵانی خەڵك و ئەمە لە پەرەسەندنی رخنەی نووسراوەکانی سەمەد هۆکارێکی کاریگەر بووکە تاکو ئەمرویش هەروەها وەك خۆی ماوەتەوە. ناسینی هۆکارەکانی سەڵمێنەری کۆمەڵگاکانی چینایەتی لە خێرا کردنی هەژاری و بێ بەشی کۆمەڵانی خەڵك و راگەیاندنیان بە سادەترین شێوە و خولقاندنی بیری چارە سەر کردنیان ، ناوی سەمەدی تێکەڵ بە ئامانج و ئارەزووەکانی کۆمەڵانی خەڵك کردووە و ناوی سەمەد و سنووری رخنەی نووسراوەکانی لە سنوورەکانی میللی زۆرتر بردووتە دەرێ ، لە هەر شوێنێك کە نووسراوەکانی وەرگێردراوەتەوە ، سەمەدیان وەك موعەلی بێ بەشان و رێنمای خەباتی ئەوان دژی هۆکاری بێ بەشیان ، جاودان کردووەتەوە .

**"هەر ئەمەیە کە ژیان ، یان مردنی من چ کاریگەریی بێت لە سەر ژیانی کەسانی تر "**

---

**کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران ، کۆمەڵەی ئازاد و سوسیالیستی هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانە و هەموو دەسەڵات لەوێ دا دەدرێتە خەڵکی پێکهاتوو لە شووراکانی شار و لادێ**

# سه باره به درۆشمەکانی ئێمه له قۆناخەکانی جۆرا و جۆردا :

درۆشم و ڕێنوێنی که ئامانجەکانی سیاسی به شێوەیکی کۆرت و ئاشکرا ڕادەگەێنێ و له ڕاگەیاندراو و بلاو کراوەکانی ڕێکخراو دا تەبلیغ و بلاو دەبێتەوه ، له پێوەندی له گەڵ هەل و مەرجی دیاریکراو و ئامانجی خەباتێکی دیاریکراو یان به درێژایی قۆناخێکی دیاریکراوی مێژوویی ، دیاری دەکرێن. درۆشمەکان له پەیوەندی له گەڵ ئامانجی خەبات دەتوانی تەبلیغی ، هاندەر و یان پراتیکی بن ، که به پێ بارودۆخی دیاریکراو ئێستا دا بۆ نموونه .،

١_درۆشی برووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شووڕای ئێران ، وەك درۆشمی تەبلیغی ئێمەیه . سەرەڕای بەرز کردنی ڕادەی تێ گەیشتنی کۆمەلانی خەڵك ، سەرنجی ئوپۆزیسیونی ڕادیکاڵی سیستەمی دەسەلاتدار بۆلای سیاسەتەکانی ئێمه ڕا دەکێشێ . ئەم درۆشمه له قۆناخی دووهەم بۆ ڕاکێشانی ملیۆنەها کەس له کۆمەلانی خەڵك دەبێته درۆشمی هاندەر و له قۆناخی سێهەم دا دەیگۆڕێته درۆشمی پراتیکی .

٢_ درۆشمی کار _ خانوو _ ئازادی _ کۆماری فیدراتیوی شۆرایی ، یان درۆشمی بژی ئازادی و بژی سۆسیالیزم درۆشمی دەورەیی ئێمەیه که داخوازه ڕادیکاڵەکانی ڕێفاهی و ئابووری ، سیاسی چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵکه وهەروەها ئامانجی سیاسی دەخاته ڕوو بەشەکانی جۆراو جۆری ئەم درۆشمه له هەل و مەرجەکانی دیاری کراو و له پێوەندی له گەڵ ئامانج و داخوازیەکانی دیاری کراو ، دەتوانن هاندەریان پراتیکی بن . بۆ نموونه ئێستا که زەختی بێکاری و دەر کردنی به کۆمەل ، لاوان و کرێکارانی بێکار مەجبوور به دەر برینی نارەزایەتی دەکات و دەبێته هۆی جوولانیان ، درۆشمی کار له ماوەیکی کوورت له درۆشمی تەبلیغی و هاندەر دەگۆڕێته درۆشمی پراتیکی له ناو ڕاگەیاندراوەکان ، ئەم درۆشمه له قۆناخی دووهەم دا وەك درۆشمی هاندەر له هەمان کات دا لایەنەکانی سۆسیالیستی و کرێکاری دژی سەرمایەداری جوولانەوه به هێز دەکات و کرێکارانی هەژار بەرەو لای ئەم خەباته ڕادەکێشێ ، ئەگەر لەم قۆناخه دا خۆی له وەرگرتن و به دەستەوه گرتنی کۆنتڕۆلی بنکەکانی ئابووری نیشان دەدات ، له قۆناخی سێهەم دا له گەڵ به دەستەوه گرتنی دەسەلات له ڕێگای شۆراکان و ڕاگەیاندنی بەرنامەکانی ئابووری ، ڕیفاهی و ...دەگۆڕێته درۆشمی پراتیکی . جگه له درۆشمەکانی دەورەی هەندێك درۆشم و ڕێوێنێ بۆ قۆناخەکانی کورت وئامانجەکانی کورت خایەن پێویست و زەرووره و ئەرکی ڕێکخراوه که له هەر خەباتێك و تێك هەلچوو نێکی سیاسی ، به هەڵسەنگاندنی وردی هه ل و مەرج و لێهاتوویی وکات نای ئەوانەی که هەڵگری و یاریکراوی و ویست و داخوازیەکانی کرێکاران و خەڵکن ، درۆشم وڕێنوێنیەکانی ئەم قۆناخه دیاری بکات . بۆ نموونه درۆشمی لابردنی پەسەند کراوەی دژی کرێکاری یاسای کار و دابین کردنی کۆمەلایەتی بۆ هەمووکرێکاران و حەق دەس گرەکان بکەن و یان ئەگەر له شەری نێوان باڵەکان بۆ نموونه باس له کەم کردنی دەسەلاتی وەلی فەقیح دەکرێ ، ئێمه دەڵێ باس له هەڵگرتنی ئەم بارگا و بنەیه و دژایەنی ئەو له گەڵ سەرتائێترین ماف و ئازادیەکان بکەین .بەم شیوەیه له بوارەکانی تریش دەتوانین و دەبێ له درۆشم و ڕێنوینیەکانی دەورەیی ، تاکتیکی و کۆرت خایەن به مەبەستی پێشرەوی بەرەو ئیستراتیژی ڕووخاندنی ڕێژیم کەڵك وەر گرین.

---

**پێویسته له ئێراندا، ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی له هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتی ، ئابووری ، سیاسی و فەرهەنگی پێك بێت . که ئەمەیش تەنیا له ڕێگای شۆڕشێکی کۆمەلایەتی دژی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری کەمایەتێکی زۆر کەم له کۆمەلگا ، دەتوانێ به ئەنجام بگات . یەکەم هەنگاو لەم ڕێگایەدا ، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، تێك شکاندنی دەزگای دەولەتی و به هێزی ئیداری و نیزامی بورژوایی و دامەزراندنی سیستەمی فیدراتیوی شوورائیه ، که لەوێدا زۆرینەی خەڵك له فەرهەنگ و نەتەوەکانی جۆراوجۆر بۆ یەکەم جار چارەنووسیان دیاری دەکەن و له بنیات نانی وشیارانه ی کۆمەڵگایێك که لەوێدا ئاسەوارێك له چەوساندنەوەی مرۆڤ به دەستی مرۆڤ ، جیاوازی جینسی و ڕەگەزی ، سەرکوت ، زیندان ، ئەشکنجە، ئیعدام و بێکاری ، بێ خانوویی و ئاواره بوون ، هەژاری ، کاول کردنی ژینگه و هتد . . . نەبێت ، تێ دەکۆشن .**

## پدران و فرزندان

هستی
بر سطح می گذ شت
غریبانه
موج وار
دادش در جیب و
بیدادش بر کف
که ناموس و
قانون است این .
زندگی
خاموشی و نشخوار بود و
گورزاد ظلمت ها بودن
( اگر سر آن نداشتی
که به آتش قرابینه
روشن شوی! )
که درك
در آن کتابت تصویری
دو چشم بود
به کهنه پارەیی بر بسته
( که محکومان را
از دیر باز
چنین بردار
کردەاند).
چشمان پدرم
اشك را نشناختند
چرا که جهان را هرگز
با تصور آفتاب
تصویر
نکردە بود.
می‌گفت (( عاری )) و
خود نمی‌دانست.

فرزندان گفتند (( نع! ))
دیری به انتظار نشستند
از آسمان سرودی برنیامد-
قلادەهاشان
بی گفتار
ترانەای آغاز کرد
و تاریخ
توالی فاجعه شد.



دوو ساڵ لە گیان لە دەست دانی شاعیری مەزن و خۆشەویست ئەحمەد شاملو تێ دەپەڕێ . شاعیرێك كە لە روانگەی بەرزی ئەودا شیعر مانایكی تایبەتیی هەبوو ، واتە شیعری رزگاری و ئازادی دەزانی ، گۆمانێك كە سەرئەنجام دەبێتە باوەر .

شاملو هەموو كاتێك تێ دەكوشا تاكو دەرد و رەنجی گیرودەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە جوانترین شێوە بە ووتنی شیعرەكانی دەربڕێ.

شەیدای خۆر بوو ، چوونكە خۆر تەنیا راستی و هەستێكی راستیان بوو و بە تیشك و تینی خۆی مانای خۆشەویستی و دوستی بوو و بە پرشنگی خۆی مانای بێ فریوی راستی بوو .

بە راستی كە ئەو شاعیرە مەزنە توانی بە ووتنی شیعرە هەست بزوێنەكانی خۆیدا، خوێنی دەمارەكانی دڵۆپە ، دڵۆپە، دڵۆپە برژێنێ ، تاكو باوەریان پێ بێت . بە خوێدنی شیعرەكانی ئەودا توانیمان بە دەوری گومەزەی خۆڵ بگەرین و خۆرمان ببینین و باوەرمان پێ بێت .

بۆ هەتا ، هەتایە یادی بەرێز بێت

# من میخواهم شعرم شیپور باشد ، نه لالایی.

## ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٧ ڕۆژی نیشان دانی هێز و توانای لە بن نەهاتووی کۆمەلانی خەڵك .

١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٧ بو کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێشی ولاتی ئێمە ، وە بیر هێنەری یەکێك لە گرینگترین قۆناخەکانی بەزر بوونەوەی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی مەزنە کە تۆماری ڕێژیمی شای هەلپێچا. ١٧ی خەرمانانی ، وەبیر هێنەری قارەمانەی کۆمەلانی خەلك چەرساوە و خالی گرینگە لە خەباتی دیموکراتیکی دژیَ ئیمریالیستی ئەوان . لەم ڕۆژە مێژووییە دا خەباتێك کە لە کوتاییەکانی ساڵی ١٣٥٦گەیشتە بووە ئاستی بەرزی خۆی و لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی سەر شەقامەکان و هێرش بۆ سەر قەلای هێزی ڕێژیمی پاشایەتی ، هەموو هەولەکانی بۆرژازی ئێرانی لە گەڵ شکست ڕوو بە ڕوو کرد و ڕووخانی حەتمی ڕێژیمی پاشایەتی ئێرانی سەلماند. تاکو ١٧ی خەرمانانی ٥٧، ئۆپوزیسیونی بورژوایی ڕێژیمی شا بۆ سات و سەودا لە گەڵ دیکتاتوری شا ، بە دەای ڕێگا چارە سەریك بۆ بەرگری کردن لە پەرەسەندنی بزووتنەوی خەلکی بوو . بەلام پوتانسیلی مەزنی بزوتنەوە شۆرِشگێرانە لە



١٧ی خەرمانانی ٥٧بووە هۆی شکست هێنانی هەموو ئەم هەولانە و بە گۆرانکاری بنەرەتی لە درۆشمەکانی بزووتنەوە و نیشان دانی ئیرادەو ویستی کۆمەلانی خەلك بۆوە دی هاتنی ئامەنجەکانیان ، هەر جۆرە ئیمکانێك لە بورژوای بە مەنەستی بەر بەست کردنی بزووتنەوەی گرت و گۆرینی مورەکان لە لایەن ڕێژیمی شا لەوکاتە دا کاریگەری خۆی لە دەست دا و بە زوربوتەوەی بزووتنەوە و گەیشتنی بە بارودوخی شۆرشگێرانە حەتمی کرد . پاش ١٧ی خەرمانانی ١٣٥٧،ڕێژیمی شا ناچار بە پاشە کشە کرا، بەلام پاشاکشانە ، جگە لە هەلوە شانەوەی ئەو شتێکی تری بۆ ئەو بە دواوە نەبوو و کاریگەرێکی لە سەر ڕەوتی بزووتنەوەی خەلکی نەبوو. پاشەکشەکانی ڕێژیمی شا لە ڕۆژەکانی پاش ١٧ی حەزمانانی ١٣٥٧،ئاکامی حەتمی بیَ هێزی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم سەرەرای وەحشیگەری لە کوشتاری ١٧یخەرمانان ، لە بەرگری کردنی بەرەسەندنی بزووتنەوەی خەلکی بوو. لەم ڕۆژە دا ڕێژیمی شا هەموو هێزی و توانای خۆی بە کار هێنا تاکو بەو کوشتار وەحشیانە ، دەسەلاتی خۆی لە هێرشی کۆمەلانی خەلك بپارێزێ. بەلام ، سەرەرای هەموویان ، بزووتنەوەی خەلکی زۆر خێراتر بوو و بووە لافاوێکی ڕووخێنەر کە هەموو ئورگانی

دەسەلاتی ڕێژیمی شا و سیتەمی پشتیوانی ئەویَ پێکا. لافاوێك کە ترسی خستە ناو دلی هەموو بەشەکانی بورژوازی ، لە بورژوازی دەسەلاتدار تاکو ئوپوزیسیونی بورژوای .گۆرانکاری لە چەندین ئەنجوومەنی وەزیران ، بە خزمەت گرتنی هەموو شیوازەکانی هەرەشە و فریو کاریش نەتوانی ئەو ئیرادە پتەوەی کە حەماسەی ١٧ی خەزمانانی ڕەنگدانەوەی وو، ست و لاواز بکات. ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٧لە ڕاپەرینی ٥٧ بە ئاکامگەیشت و لە مەودای چەند مانگ مشتی پولائینی بورژوازی واتە ئەرتش و دەزگای گەورەی سەرکوتی ، ئەلیری ئیرادەی خۆی کرد و لە هێرش بۆ سەر سەربازخانەکان و ناوەندەکانی سەرکوتی ڕێژیمی شا ویستی بزووتنەوەی خەلکی بو بە دەستەوە گرتنی دەسەلات لە ڕێگای کینەیی لە بورژوازی نیشان دا . ڕاپەرینی ڕێبەندانی ٥٧ هەرچەند بە ئاکامی دلخواز نە گەیشت بەلام مەزنترین گورەپانی خەبات بوو لە مێژووی ولاتی ئێمە . ١٧ی خەرمانان لە ڕەوتی پەرسەندنی ڕاپەرینی ڕێبەندان خالێکی دەست پیَ کردنی مەزن بوو. بە ڕێز دانان لە یادی قارەمانەتی کۆمەلانی خەلك لەم ڕۆژە دا ، ئەزموونە پڕ بالە خەکانی بکەین بە سەر مەشقی خەباتی خۆمان.



١

بەو هۆیەی کە
ئێمە بێ هێزین
بۆ کۆیلە کردنی ئێمە
یاساتان دانا
بە هۆی ئەوەی کە
نامانەوێ کۆیلە بین
یاسای ئێوە لە داهاتوودا
تەبایە
بە هۆی ئەمەی کە
بو تۆپ و تفەنگ
ئێمە دەترسێنن
بریارمان دا کە
لە ژیانی کۆیلەیی
زۆرتر لە مەرگ بترسین

٢

بە هۆی ئەمەی کە
برسی دەمێنینەوە
ئەگەر لەمە پتر تەحەمولْ بکەین
هەتا سەر لە نوێ
تالاَ نمان بکەن
بریارمان داوە کە لەمەو بەدوا
لە نانی شەو کە ئەوەیشمان نیە
کەسێك نیە ئێمە
جیا بکاتەوە
بێجگە لە پەنجەرەی بووتیکەکان
بە هۆی ئەمەی کە
بە تۆپ و تفەنگ
ئێمە دەترسێنن
بریاری ئێمە ئەمەیە
کە لە ژیانی کۆیلەیی
زۆرتر لە مەرگ بترسین

٣

بە هۆی ئەمەی کە
خانووی زۆر لە سەر پێیە
لە هەمووشوێنێك
بەلاَم ئێمە
سرمیچێکمان لە سەر نیە
بریاری ئێمە ئەمەیە کە
لەم خانووانەدا بخەوین
چوون چیتر حەزمان
لە ئەشکەوتەکا نمان نیە
بە هۆی ئەمەی کە
بە تۆپ و تفەنگ
ئێمە دەترسێنن
بریاری ئێمە ئەمەیە کە
لە ژیانی کۆیاەیی
زۆرتر لە مەرگ بترسین

٤

بە هۆی ئەمەی کە
رەژیو بە خەروار
لە ئەنبارەکانتان پرە
ئێمە بێ رژیوین
لە ساردی زستان
دەلەرزین
بریاری ئێمە ئەمەیە
کە ئەو رژیوانە
وە دەس بێنین
بە هۆی ئەمەی کە
لە مەو بە دوا
گەرمدەبینەوە
بە هۆی ئەمەی کە
بە تۆپ و تفەنگ دەمانترسێنن
بریاری ئێمە ئەمەیە
کە لە ژیانی کۆیاەیی
زۆرتر لە مەرگ بترسین

٥

بە هۆی ئەمەی کە
ناتوانن مافی رۆژانەمان
بدەنێ
ئێمە خۆمان کارگەکان
بە رێوە دەبەین
بە هۆی ئەمەی کە
بە بێ ئێوە
ئێمە بەشی خۆمان
نا نمان دەبێ
بە هۆی ئەمەی کە
بە تۆپ و تفەنگ
دەمانترسێنن
بریاری ئێمە ئەمەیە
کە لە ژیانی کۆیلەیی
زۆرتر لە مەرگ بترسین

٦

بە هۆی ئەمەی کە
نیسبەت بە ووتەکانی
دەوڵەت بڕوامان نیە
لەمەو بە دوا سوورین کە
رێبەری خۆمان بە دەس بگرین
و دونیایێکی باشتر پێك بێنین
بە هۆی ئەمەی کە
تەنیا لە زمانی تۆپ شارەزان
بە زمانێکی تر نادوێن
ناچارین لولەی تۆپەکان
بەرەو ئێوە بگرین .

برتولت برشت



# ڕۆڵ و جیگە ی ژنان لە بزوتنەوەی شورشگیری گە لی کورد



لە کوردستان ،کاری پڕوکێنەر ،هەژاری ،و بیٚ بەش بوون لە هەموو جۆرە مافە کومەڵایەتیەکان ،ژیانی سەختی ژنانی زەحمە تکیٚشی کوردستان، ژنانی هان داوە کە دژی ئەم ستەمە وەحشیانانە خەبات بکەن .

ژنانێك کە لە مندالیەوە لە پیٚ دارە تەونەکان،لە کارگەکانی ڕەستن و چنین،لە کورە پەزخانەکان، مەزراکان لە گۆندە دور دەستەکانی کوردستان هەتا کۆتایی هێزیان ئەچەوسینرێنەوە، ژنانێك کەهەر وەك ژنانی زەحمەتکیٚشی سەرانسەری ئیران ناچارن باریکی گران هەڵبگرن و لەم حالەش دا بوونی پیٚوەندیەکانی دواکەوتووانەی ئابووری وکۆمەلایەتی ،بەتایبەت لە گۆندەکانی کوردستان ،ئەوانی لە زۆربەی مافە ئینسانیەکان بی بەش کردووە .

ژنانێك کە لە بەیانی تا ئیوارە جەستەیان لە ژێر تەوژمی کاری کەمەر شکێن ورد ئەبیٚ وزنجیرەکانی داب ونەریتی کوٚن و رزیوی سەدەکانی ناوەراست بە دەست و پیٚان ئالاٚوە.

ژنانێك کە قوٚرسایی رەنج هانیٚان ئەدا چەك بە دەست بگرن وشان بە شانی هاوسەر و برا و هاوسەنگەری خوٚیان بو گەیشتن بە دوا روژیکی روون خەبات بکەن .دوا روژێك کە لەوێدا ئاسەوارێك لە چەوساندنەوە و زوٚلم و زوٚر نەبیٚت ، دوا روژێك کە لەوێدا نەزانی وخوٚرافات ژیانی زەحمەتکیٚشان بەرەو خراپە نەبات و کرێکاران وزەحمەتکیٚشان زالٚ بن بە سەر مافی چارە نووسی خوٚیان .دژی شۆرشی حاکم بە سەر ئیٚران ،لە نیٚوان ٢٤سالٚی رابردوو دا ،دە ستی دایە سەرکوتی وەحشیانەی خەلٚکی کوردستان و بوٚمباران و توپ باران کردنی شار و گوٚندەکانی کوردستان، دەستی دایٚە هەر کردەوەیٚکی فاشیستی بۆ تیٚك شکاندنی ریزی کۆمەلاٚنی خەلٚك، ئاگردانی گوٚندەکان ، گەماروی ئابوری ، کوٚچی زوٚرەملی بەشیٚك لە گوٚندەکانی کوردستان ،ئەمانە بەشیٚك بوون لە هەنگاوەکانی ریٚژیمی ئاخوٚندی دژی کومەلاٚنی بیٚ بەشی کوردستان کە هەموویٚان لە گەلٚ بەربەرەکانی توٚند و بەربلاٚوی خەلٚك بەرەو روو بوو و ریٚژیمیان بوٚ گەیشتن بە ئامانجی دژی شورِشی خوٚی ناکام هیشتوە ، ژنانی زەحمە تکیٚشی کوردستان بوٚ تیٚك شکاندنی ئەم جورە هەولٚ وتەقەلاٚیە دواکەوتووانەیٚە رۆلٚیکی گرینگیٚان بینی ،ئەوان بە بەشداری کردنی بەربلاٚو لە بزووتنەوەی شورِشگیٚرانەی کوردستان ،لە عەینی حالٚ دا بۆ گەیشتن بە زۆر لە مافی پیٚشیل کراوی خۆیان هەنگاویان هەلٚ هیٚناوە . ژنانی زەحمەتکیٚشی کوردستان کە سەدەکانی یەك لە دوای یەك لە کوت و زنجیری داب و نەریتی دواکەوتوویی دەرەبەگایەتی و شەرت و شروتەکانی ژیاون ، ئەمرۆ وەك نیویٚك لە حەشیمەتی زەحمەتکیٚشانی کوردستان و بە کار هیٚنانی هیٚزی شۆرشگیٚرانەی خۆیان بۆ بە چۆك داهیٚنانی زۆلٚم و چەوسانەوە هەلٚدەستن کە رۆلٚی گریٚنگی خۆیان پیشان بدەن و بە ناشتنی هەموو داب و نەریتی دواکەوتووانە پیشانیان دا کە هیچ بزووتنەوەیٚکی شۆرشگیٚری بە بیٚ بەشداری ژنان ناگاتە لوتکەی سەرکەوتن .

شاهین

**بلاٚو کراوەکانی((کار کمونیستی )) ، ((جهان کمونیستی )) ، ((ریٚگای گەل )) و هەروەها راگەیٚاندراوەکانی ریٚکخراو لە سایتی ریٚکخراو لە سەر توری ئینتەرنیٚت وەرگرن :**

www.fedayi.org

**ژمارەی فاکسی پەیٚوەندیە گشتیەکان :**

0046317792571

# کۆرتە مێژووی رێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

رێکخراوی یه کیه تی فیدائیانی کۆمۆنیست به شێکه له رێکخراوی چریکه کانی فیدایی گه لی ئیرآن که له رێبه ندانی ١٣٤٩ ی هه تاوی ( ١٩٧٠زائینی )به خولقاندنی حه ماسه ی سیاکه ل دامەزرا.فیدائیانی کۆمۆنیست پێش له راپەرینی رێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی تێکڕای جەنگاوەرانی تری رێگای ئازادی دژی سیستەمی پاشایەتی خەباتیان کرد و به هیوای سەرکەوتنی شۆرش له رەوتی رووخانی رێژیمی شا رۆڵی گرێنگیان هەبوو.

پاش شکستی شۆرش و دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی،فیدائیانی کۆمۆنیست لەگەل بەشێك له خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش له کارخانه ،زانکۆ ،قوتابخانه ولادیەکان که قازانج و بەرژەوەندیان له گەڵ دەسەڵاتی سەرکوتگەری نوێ دژایەتیی بوو، له سەر بەردەوام بوونی شۆرش سوور بوون . له رێکخستن و رێنمایی خەباتی کرێکاران ،جووتیاران ، ژنان و توێژەکانی تری کۆمەلایەتی بەشداریان کرد .

له گەڵ گۆرانکاری کۆمه لآیەتی وئابوری ، پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی بووه هۆی گۆرانکاری له رێکخراوه سیاسیەکان ، له ناو رێکخراوی چریکەکانی فیدائی گەلی ئیرانیش ئه م گۆرانکاریانه به شیوەی لادانەوەکانی سیاسی و جیا بوونەوه و بەربلاوی یەك به دوای یەك رەنگدانەوەی بوو .رێکخراوی چریکه کانی فیدایی گەلی ئیرآن له هەل و مەرجێك پێك هات که ئیرآن خەریکی تی ٘پەرین له کۆمەلگایێکی نیوه دەربەگایەتی بەرەو کۆمەلگایێکی سەرمایەداری بوو ،سەرەرای ئەو که خێرایی رێفورمەکانی زەویٚ له دەیەی چلٚ ، هێرشی گرووپی گەورەی هێزی بەرهەم هێنان له لادییکان بەرەو شارەکان ، ئاستی نزمی تیٚ گەیشتن و تازه پیٚگەیشتنی چینیٚ کرێکار، و گرووپی گەورەی قەراخ بەرهەم هێنان لەگەل بارودۆخیٚ نیونەتەوەیی و کاریگەریٚ ئەو لەسەر پێکهاتنی فکریەت و روانگەی روشنبیرانی شۆرشگێر و پێشکەوتوو،و هەل ومەرجی کۆمەلآیەتی و سیاسی تایبەتی پێك هێنا بوو.

ئاوا بارودۆخێکی کۆمەلآیەتی و ئابووری و سیاسی ، سروشتیه که کاریگەریی هەبوو له سەر پێکهاتنی ئەحزاب و رێکخراوه سیاسیەکان ، داخوازیەکانی خەلك و روشنبیرانی کۆمەلگا ، بۆچوون ،بیر و را، پرۆگرامی سیاسی و شیوازکانی خەبات. ئەم بارودۆخه کۆمەلآیەتیه له رێکخراوی ئیمەیش که خەبات دژی زولٚم و چەوسانەوه و زه خت و سەرکوت ،کرده بووه تایێەتمەندی ویست و ئیرادەی خۆی و به مەبەستی دامەرزاندنی سوسیالیزم دامەزرا بوو ، بووه هۆی پەرەسەندنی بیر و بۆچوونی تەواو خەلکی و له پروگرام و شیوازی چالآکی و شیوەکانی خەباتی ئەو رەنگدانەوەی بوو. له رێکخراوی ئیمە له سەرەتای دامەزراندنی بۆچوونی سوسیالیستی ، کرێکاری و هەروەها



تەواوخەلٚکی و ریفورمیستی به زەق کردنی خەبات دژی رێژیمی شا و پشتیوانانی ئیمپریالیستی به سەرەکی کردنی خەباتی چەکدارانه درێژه به ژیانی خۆیان دا.بەلآم ئاشکرا بوو که به پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی ئەم یەکیەتیه ناتوانی بەردەوام بیٚ .لەگەلٚ پەرەسەندنی خەبات له کۆتائیەکانی دەیەی پەنجای هەتاوی و راپەرینی کۆمەلآتی خەلٚك له سالٚی١٣٥٧ ی هەتاوی و دوا گۆرانکاریەکانی ئەو، وەك جیابوونەوەکانی یەك به دوای یەك له رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئیرآن رەنگی داوه. سەرەرای جیابوونەوەکانی ورد و گەوره ،له سالٚی ١٣٥٩ی هەتاوی گەورەترین جیابوونەوه له رێکخراو له ژێر ناوی "ئەقەلیەت" به مانای کەمینه و "ئەکسەریەت" به مانای زۆرینه رووی دا،به دوای ئەویش جیابوونەوەکان له هەر دوو بەش بەردەوام رووی دا. لەم کاتەدا و له حالیٚکدا که هەزاران کرێکار و روشنبیر به هیوای وه دی هاتنی داخوازیەکانیان و بۆ گەیشتن به کۆمەلٚگایێکی به دوور له زولٚم و چەوسانەوه و زەخت و سەرکوت هاتبوونه ناو ریزەکانی رێکخراو وخەباتی پراتیکیان له ئاستەکانی جۆراوجۆر بەرەو پیٚش دەبرد ، ئەندامانی بریاردەر له رێکخراو بەربەست بووه رادەیٚکی کەم له هاوریٚان که له سەرکوتی ساواکی شا گیانیان پاریٚرزراو و یان تازه له زیندان ئازاد کرا بوون.زەختی کۆمەلآنی رێکخستنەکان که به کردەوه خەریٚکی خەبات له ناوچەکانی



جۆراوجۆر بوون و شاهیدی سەرکوتی دەسکەوتەکانی راپەرینی کۆمەڵانی خەڵك لە لایەن دەسەڵاتی تازە و سات و سەودا و بیَ بەرنامەیی ریبەرایەتی فیدائیان بوون ، رۆژ لە دوای رۆژ زەختیان هێنایە سەر رێبەرایەتی و خوازیاری هەڵوێستێکی روون لە بەرانبەر رووداوەکان بوون.لە ئاوا هەل و مەرجێك ، ناکۆکی لە سەر ناوەرۆکی رێژیمی تازە بووە ناکۆکی سەرەکی لە ناو رێبەرایەتی رێکخراو و بیَ ئەوەی کە خەباتیکی ئایدولۆژیکی هەموو لایەنە بکرێت و کۆمەڵانی بەربلاو لە رەوتی چونیەتی ئەم ناکۆکیانە ئاگادار بکرێن و لە خەباتی فیکری بەشداری بکەن ، جیابوونەوە لە سەرەوە لە بەر ناوەرۆکی دەسەڵاتی تازە ، رێبەرایەتی و کەمینەی ئەندامان بە دوو بەشی "ئەقەلیەت" و ئەکسەریەت"دا بەش کرد. ئەکسەریەت کە بە رێگای سات و سەودا رویشت و لە قازانج و بەرژەوندی چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵك دووری و بە لایەنگری لە دەسەڵاتی تازە هەستا و لە ناو دڵی کۆمەڵانی پێك هێنەری رێکخستنەکان هیوایێکی زۆری بە ئەقەلیەت وەك رەوتی شۆرشگێر خولقان. بەڵام رێبەرایەتی ئەقەلیەت کە خاوەن سنووری دیاریکراو و ئوسولی لەگەڵ بۆچوونی تەواو خەڵکی و ریفۆرمیزم و لادانەوەکانی یە بەك دوای یەکی بە سەر رێکخراو نەبوو و جیابوونەوەیکی میکانیکیی رێکخستە بوو و بە کردەوە نەتوانی هەڵویستی شۆرشگیرانەی دژی دەسەڵات تا ئاستی هەڵویستیکی کرێکاری و کۆمۆنیستی بباتە سەر و تەنانەت خەباتی ئایدولوژیکی ئاشکرا کە بە دژی ئەکسەریەت پشتیوانی لیَ دەکرد لە بیر کرا و جیگای خۆی بە سەرکوتی بۆچوونی بە پێچەوانە دا ،هەربۆیە لادانەوەکانی ناوبراو ئەم جارەش لە شێوەی چالاکی و پەیوەندیەکانی ناوخۆیی ، پرۆگرام ، پەیڕەوی‌ناوخۆیی ، سیاسەت و تاکتیك و رێکخستن خۆی نیشان دا و رێبەرایەتی ئەقەلیەت نە تەنیا لە بواری سیاسی گەڕانەوەی ئەساسی نەکرد لە بۆچوونەکانی لادەرانە و تەواو خەڵکی رابردوو بەرەو لای هەڵویستێکی چینایەتی کرێکاری و کۆمۆنیستی ، بەڵکو لە بواری تەشکیلاتی و رێکخستن و دامەزراندنی پەیوەندیەکانی حیزبی نەتوانی وەڵامی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش و لاوان و روشنبیرانی راپەریو لە ناو ئەم توێژ و چینانە کە تا بیَ‌گیان لە پێناو وەدی هاتنی ئازادی و سوسیالیزم دەستیان دابووە خەبات و لە بەرانبەر رێژیمی سەرکوتگەر بەرگریان دەکرد ، بداتەوە .و پێشتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا قەیران سەر تا پیَ گرتەوە .ناکۆکی و بەربلاوی و قەیران لە رەوتی کونگرەی یەکەم وەڵامی خویَ نەگرتەوە و پاشان بە تایبەت بەربەرەکانی دژی رەوتی سوسیالیستی و شۆرشگێر پەرەی سەند و سیاسەتی پەرە پیداتی سەرکوت ، زەبرەکانی یەك بەدوای یەکی رێژیم پەرەی دایە ئەم قەیرانە و پرۆسەی جیابوونەوەی خێرا کردووە ،کە تاکو ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی (١٩٨٥ی‌زائینی )بە شێوەی ناکۆکی و جیابوونەوەکان بەردەوام رووی دا، مەزنترین و دڵتەزینترین جیابوونەوە لە رێککەوتی چوارەمی رێبەنداتی ١٣٦٤ی هەتاوی رووی دا، پاش ئەمەیش جیابوونەوە و بەربلاوی بەردەوام بوو.بە دوای پێك هاتنی هەستەی ئەقەلیەت و رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران "ئەقەلیەت" بابەتی یەکگرتنی رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران و هەستەی ئەقەلیەت و رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران"ئەقەلیەت" کەوتە بەر دەستوری کاری ئەم سیَ رەوتە. فیدائیانی کۆمۆنیست لەم کاتە دا هەوڵیان دا تاکو ئەم پرۆسەیە نەك بۆ لایەنێکی میکانیکی بەڵکو بەرەو لایەنێکی ئوسولی ببات واتە لە رێگای رەخنەی شۆرشگێرانە لە هەموو بوارەکانی پرۆگرام ، پەیڕەوی‌ناوخۆیی ، شیوەی چالاکی تایبەت بە نوژەن کردنی رێکخراو ، بەڵام پاش ماوەیکی تا رادەیك درێژ خایەن لە هەوڵ و تێکوشان و بڵاوکردنی چەندین ژمارە بڵاوکراوەی هاوبەشی "بەپیش"ئەم تێکوشانەیش بەرەنگار بووە ئەو بیر و بۆچوونانەی کە ئامادەی دیالوگ ورەخنەگرتن لە رابردوو نەبوون و راگیرا.لەگەڵ شکستی ئەم تێکوشانانە کە هاوکات لەگەڵ ئاڵ وگۆڕەکانی یەکیەتی سۆڤیەت و ئورووپای رۆژهەڵات بوو و بە دوای ئەمەی کە بەشێك لە رێبەرایەتی رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران چوونە ناو ریزی یەکیەتی فیدائیانی گەل ، کۆمۆنیستەکانی فیدایی بەم ئاکامە گەیشتن کە لە چوارچێوەی ئەو تەشکیلاتانەی کە بەرهەمی بۆچوونەکانی تەواو خەڵکی و لادانەوەکانی رابردوون، ناتوانن بابەتی رەخنەگرتن لە رابردوو ، نۆژەن کردنی رێکخراو و گۆڕان بە رەوتێکی کۆمۆنیستی و کرێکاری وەدی بێنن ، بە تایبەت ئەمەی کە هەندێك گۆڕانکاری گرینگیش لە جیهاندا رووی دا بوو. لەم کاتە دا بە بیَ ئەمەی کە وەڵامی ئەو رەوت و کەسایەتیانەی کە خوازیاری پێك هێنانی کونگرە و بەردەوامی چالاکی بە ناو و شێوەی رابردوو بوون ، بداتەوە ، سەرەڕای پاراستنی چوارچێوەی تەشکیلاتی رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران و رێکخستنی خەباتی هاوبەش لە بابەتەکانی داهاتوو ، بڕیار درا تاکو پرۆسەی رەخنەگرتن لە رابردووی بزووتنەوەی

کۆمۆنیستی به گشتی و ڕەخنه گرتن له ڕابردووی ڕێکخراو به تایبەتی به شێوەیکی جیددی و به بێ هیچ بەربەست و سنوورێك وەك له بەر چاو گرتنی چوارچێوەکانی سیاسی و ئایدولۆژیکی ڕێکخراوەیی ڕابردوو بکەویته بەر دەستوری کار و له سەر ئەساسی ئاکامەکانی ئو، دەست بدرێته دارشتن و نووسینی پروگرام و پەیڕەوی ناوخۆیی ، شێوەی چالاکی نوێ و پێویستیکانیتری خەبات، پاڵپشتی به مارکسیزم ، ڕەخنه گرتن له ڕابردوو به مەبەستی سنووردانان له گەڵ لادانەوەکان و پاڵپشتی به بزووتنەوەی کرێکاری وەك بزووتنەوەیکی کۆمەڵایەتی و دانانی خەبات بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم له سەر ئەساسی خەباتیچینایەتی و سنووردانان له گەڵ بۆچوونەکانی تەواو خەڵکی ، سکتاریزم ، ریفۆرمیزم و هتد . . . که دەبوایه به شێوەیکی ئاشکرا و به بەشداری کۆمۆنیستەکانی تر و هەڵسوراوانی بزووتنەوه جێ به جێ بکرێ، ئەساسی ئەم پرۆسەیه پێك دەهێنا. بۆیه له کۆتائیەکگانی دەیەی شەستی هەتاوی ( هەشتای زائینی ) بەرێوەبردنی دانیشتنەکانی بەربڵاو کەوته بەر دەستوری کار و چالاکی . ئێمه له ئاوا دانیشتنانەی که به بەشداری بەربڵاوی ڕەوت و کەسایەتیەکانیتر بەرێوه چوو و گۆرانکاری گرینگ له بواری بیرکردنەوه و پەیوەندی له نێوان هێزەکان پێك هێنا ، به دوای سێ ئامانج بووین که دەبوایه له ڕەخنه گرتن له ڕابردوو و پێداچوونەوه و لێکدانەوەی قەیرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی له ئاستی ئێران و جیهان وه دی بهاته با . مەبەستی ئێمه له دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەری زاڵ بوون به سەر بەربلاوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی به مەبەستی دامەزراندنی حێزبی چینی کرێکار که له ئامانجەکانی سەرەکی ڕێکخراو بوو و سێهەم تێکۆشان به مەبەستی یەکگرتنی کەسایەتی و ئەو هێزانەی که ئامانجیان دامەزراندنی سوسیالیزم بوو .

ئاکامی سیمینار و دانیشتن و وت و وێژەکانی یەك به دوای یەك له بواری گشتی ئەو بووه هوێ دامەزراندنی یەکیەتی چەپی کرێکاری که سەرەرای کەم و کوریەکانی ئێستا له گۆرەپانی خەباته جۆراوجۆرەکان ئامادەیه و سەرەرای ئەویش تێکۆشانی ئێمه و چەند ڕەوتێکیتر بووه هوێ پێك هاتنی دانیشتنی هاوبەشی هێزەکانی چەپ و کۆمۆنیست که بۆ ئەم مەبەسته هیواداریین به هەول و تێکۆشان و یەك دەست کردنی هەموو تێکۆشەران لەم ڕێگایه بگەینه ئاکامەکانی دڵخواز و باش . بەلاّم له بواری تایبەتی واته نۆژەن کردنی ڕێکخراو که له کۆتائیەکانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ ی زائینی) له پاڵ بەرێوەبردنی سیمینارەکان و له ڕێگای جێ به جێ کردنی دانیشتنەکان و بلاوکردنی بلاوکراوەی ((بە پیش)) کاری له سەر کرا ، تاکو ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی (١٩٩٦ی زائینی) سەرجەم ٩ دەورە دانیشتنی سەرانسەری بەرێوەچوو . لەم دەورەیەدا هەموو ڕەخنه و هەڵسنگاندنەکانی ئێمه سەرەرای چاپ له بولتەنەکانی دانیشتن و یەکیەتی چەپی کرێکاری له بلاوکراوەی (( به پیش در راه وحدت جنبش کمونیستی)) بلاّو کراوەتەوه. له ئاکام دا له دانیشتنی نۆهەم بریار درا تاکو لەوێ به دواوه له ژێر ناوی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست بەردەوام بین له سەر چالاکی خۆمان. بلاوکراوەی ((کار))یش له ژێر ناوی ((کار کمونیستی))چاپ بکرێت و بلاوکراوەی ((به پیش))ڕەنگدەرەوەی بۆچوون و باسەکانی تیئوریك بێت . لەم دانیشتنەدا سەرەرای پەسەند کردنی لانی کەمی هەڵوێستەکانی نوێ، کومیسیونیك بۆ ئامادە کردنی پروگرام و پەیڕەوی ناوخۆیی نوێ پێك هات و پێش له بەسترانی کونگرەی یەکەم ، پێش نووسی ئامادە و به شێوەیکی ئاشکرا بلاو کرا. بەلاّم له کنگرەی یەکەم سەرەرای باس کردن له سەر پروگرام و پەیڕەوی ناوخۆیی نوێ بریار درا که کومیسیونێکیتر سەرەرای چاککردنەوەیان بۆ جارێکی تر ئەم بەلگانه له ئاستی بزووتنەوه بلاو بکاتەوه و بۆ پەسەند کردنی کونگرەی دووهەم ئامادەی بکات . کونگرەی دووهەمی ڕێکخراو به پەسەند کردنی پروگرام و پەیڕەوی ناوخۆیی نوێ ، به لێکدانەوه و هەڵسنگاندنی هەل و مەرجی نوێ ، ئیستراتیژی و تاکتیکەکانی دەورەیی ڕێکخراو و هەروەها سیاسەتی ئێمه سەبارەت به یەکیەتیه چینایەتیەکان که پێش تر له بلاوکراوەی ((به پیش)) به شێوەیکی ئاشکرا هاته بوو ، پەسەند کرد .

ئێستا ڕێکخراوی ئێمه به پاڵپشتی شێوازی ڕوون و دیاریکراو که بەرهەمی هەڵسنگاندنی خاڵەکانی لاوازی و به هێزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی که به پێ لێکدانەوه و پێداچوونەوەی هەل و مەرجی ئێران و جیهاندا دارژراو و پەسەند کراون ، بۆ وه دی هێنانی ئامانجی مرۆڤایەتی، ئازادی و سوسیالیزم خەبات دەکات و تێ دەکۆشێ تاکو بەرەبەرە و به شێوەیکی ئوسولّی و شۆرشگێرانه ئەو بەشانەی له ڕێکخراو که زەبریان لێ کەوتووه نۆژەن بکاتەوه و بۆ ئەم مەبەسته هەموو هاورێانی فیدایی و کۆمۆنیست بانگهیشت دەکات تاکو بێنه ناو ریزی ڕێکخراو و یارمەتی بدەن بۆ گەیشتن به ئامانجەکانی مرۆڤایەتی . ئێستا

سەرەرای بلاوکراوەی ((کار کمونیستی))، دوو هەفتە جاریك ((جهان کمونیستی))و بلاوکراوەی ((رێگای گەل))کە بلاوکراوەی کومیتەی کوردستانی رێکخراوە بە زمانی کوردی و ((بە پیش)) و سایتی رێکخراو لە ئینتەرنێت رەنگدەرەوەی چالاکیەکانی تیئوری و پراتیکی رێکخراون لە واستی بزووتنەوەدا. رێکخراوی فیدائیانی کۆمۆنیست بە سوود وەر گرتن لە شێوەکانی دروست و ئوسولّی و شۆرشگێرانە بەردەوام دەبێ بۆ نۆژەن کردنی رێکخراو ، یەکگرتنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران ، یەکگرتنی سوسیالیستەکان و هەموو ئازادیخوازانی راستەقینە کە لە پێناو رزگار بوون لە زەنجیری زوڵم و چەوسانەوە و سەرکوت خەبات دەکەن .

**رێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست**

## ووشەی سیاسی

### ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم ، دووهەم ، سیهەم

ووشەی ئەنتەرناسیۆنال بە مانای نێونەتەوەیی و بەو رێکخراوە جیهانی و کرێکاریانە دەگووترێ کە لە کۆتایی سەدەی رابردوو تاکو ناوە راستەکانی ئەم سەدەیە لە قۆناخەکانی جۆر بە جۆری پەرەسەندنی کۆمەڵگا پێك هات . ئیلهام دەری پێك هاتنی ئەوان پەروەردەی مارکسیزم و بنەرەتیشی یەکگرتوویی نێونەتەوەیی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وەلاتانی جۆر بە جۆری جیهان بوو . یەکەمین کۆمەڵگای نێونەتەوەیی کرێکاران کە دوایی بە ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم بەناوبانگ بوو لە ساڵی ١٨٦٤ لە لایەن کارڵ مارکس ماموستای گەورەی پرۆلیتاریا بنیات نرا . لە مێژ بوو کە مارکس و ئەنگڵس خولقاندنی حیزبێکی شۆرشگێری چینی کرێکار خەباتیان دەکرد و دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆنال وەك رێکخراوی نێونەتەوەیی پرۆلیتاریا بەرهەمی ئەم خەباتیە ، وسەرکەوتنی پەروەردەی مارکسیستی لە جوولانەوەی کرێکاری دوو سەدە پێش دا بوو . بە هۆی پەرەسەندنی سەرمایەداری لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەیەمدا و پەرە سەندنی جوولانەوەی کرێکاری و دیمۆکراتیك لە زۆربەی وەلاتانی پێشکەوتوو پێویست بە یەکگرتوویی و یارمەتی بەرانبەری ئەم جوولانەوانە لە ئاستی جیهانی ، پێك هێنانی سازمانێکی نێونەتەوەیی بووبە پرۆگرامی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر لە سەدەی نۆزدەیەم دا ، و لە وێدا ئەرکی پرۆلیتاریا : رووخاندنی دەسەلاتی سەرمایە و سەقام گیر کردنی حکوومەتێکی کرێکاری لە رێگای خەباتی سیاسیەوە شی کرابوو . ئەحزابی کرێکاری لەو کاتە دا بە شێوەی بە شەکان ئەم سازمانە نێونەتەوەیە لە وەلاتانی جۆر بە جۆر دمەزرا . لە ماوەی کەمتر لە دووساڵ ٢٥ رێکخراو لەم جۆرە ، تا رادەیەك لە هەموو وەلاتانی ئوروپا و قارەکانی تر ، دامەزرا . مارکس لە مەودای تەمەنی بوونی ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم ئەندامی شۆرای گشتی بوو ، و لە گەڵ ئەنگڵس و دیتر لاینگرانی سۆسیالیزمی زانستی دژی بۆچوونەکانی وەردە بۆرژوازی لە جوڵانەوەی کرێکاری بە توندی خەباتی کرد . چاپی کتێبی سەرمایە ( کاپیتاڵ ) لە ساڵی ١٨٦٧ ئامرازێکی زۆر گرینگ ریزبەندی سازمانەکانی کرێکاری لە گیانی مارکسیم و سەرکەوتنی سۆسیالیزمی زانستی بوو. گرینگترین کۆنگرەکانی ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم لەم قۆناخە دا لە ساڵی ١٨٦٦ ، دوایی هەرساڵە و جاریك ، بە ریز لە شارەکانی ژنێڤ ، لۆزان ، برووکسڵ و بازڵ بەسترا لە قۆناخی خەباتی نێو خۆیی ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم دژی ئانارشیزم بەرێوە چوو کە لە ئیسپانیا و ئیتالیا لاینگرانی هەبوو . مارکس و لاینگرەکانی ، نێوەرۆکی دژ بە پرۆلیتەری و چالاکیەکانی دژی رێکخستنی ئانارشیزمیان ئاشکرا کرد و سەرکەوتنی سۆسیالزمی زانستی دابین کرد . لە کاتی راگەیاندنی کۆمۆنی پاریس ، ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم چالاکی پرشنگداری هەبوو و لە خەباتی قارەمانانەی کرێکارانی پاریس پشتیوانی کرد و دوای شکستی ئەو ، چالاکی بەردەوامی دژی تیرۆری خوێناوی بودۆرژوازی فەرەنسا رێکخست . دوای شکستی کۆمۆنی پاریس لە تەواوی وڵاتەکان زەخت و بەربەست کردن دژی ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم توندو بێ وێنە بوو .ئەو کەسانەی کە گومانیان هەبوو یان پتەو نەبوو پاشەکشەیان کرد و دانیشتن و بەرە بەرە درێژەی چالاکی ناوەندی کاری ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم لە ئوروپاناموومکین بوو . هەر بۆیە لە کۆنگرەی لاهەلە ساڵی ١٨٧٢ بریار درا ئەم ناوەندە بۆ نیۆیۆرك بگوازرێتەوە . ئەنتەرناسیۆناڵ پاش چوار ساڵ لە کونفرانسی فیلادلفیا بە رەسمی هەڵوەشایەوە . ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم وەك کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئەحزابی سۆسیالیستی لە ساڵی ١٨٨٩ لە مەودای کونگرەی پاریس دامەزرایەوە و لەوێدا ئەحزابی کرێکاری تا رادەیەك هەموو ولاتانی ئوروپایی و وەلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئەرجەنتین بەشداریان کرد . لە مەودای شەش ساڵ چالاکی ئەم رێکخراوە لە لایەن فردریك ئەنگڵس بەرە بەرە رێبەر ی کرا . لە سەر

ئەساسی پەروەردەی مارکسیستی دانرا بوو . لەم ماوەیە دا ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم بە بڵاو بوونەوەی بۆچوونەکانی سۆسیالیزمی زانستی و پتەو بوونی ئەحزابی کرێکاری یارمەتی شایانی کرد و ئەم ئەحزابانە بەرە بەرە بوون بە هێزێکی سیاسی گرینگ لە زۆربەی وڵاتە ئۆرووپائیە کان . پاش کۆچی ئەنگڵس بەرە بەرە رێبەری ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم کەوتە دەست ئۆپۆرتۆنیستەکان و ئەوانە بوونە هۆی رخنەی بۆچوونەکان و شێوازی بۆرژوازی لە نێو جووڵانەوەی کرێکاری . پەرەسەندنی چەنیەتی ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم ئاست لە گەڵ پەرە سەندنی چۆنیەتی ئەو نەبوو لە رادەی تێگەیشتنی سیاسی و شێوازی شۆڕشگێڕی ئەو بەرە بەرە کەم بووە وە . بەڵام لە ناوخۆیەوە برێك ئەحزاب یان بەشەکانی تری لە ئەحزاب وەك حیزبی بلشویکەکانی رووسیا بە پەروەردەیشۆڕشگێڕانەی مارکسیزم وەفا دار مانەوە و بە توندی دژی شێوازی تەسلیم خوازی و رویزیونیزمی و رێفۆرمیستی بە لاڕی رۆیشتن و رێبەرانی ئۆپۆرتۆنیستی ئەم رێکخراوە خەباتیان کرد . ئەم خەباتە بووە هۆی سەهەڵدانی باڵێکی چەپی شۆڕشگێڕلە نێو خۆی ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم . زۆربەی رێبەرانی ئەنتەرناسیۆناڵ دوای دەس پێ کردنی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ بە ئاشکرا کەتنە سەرەو لێژی ه٩ەلۆیستە کانی بۆرژوازی وڵاتانی خۆیان بنەماکانی یەکگرتوویی پرۆلیتەری و ئەنتەرناسیۆناڵیزمی کرێکاریان بە تەواوی بە جێ هێشت . لەو کاتەوە کە نێو خۆی ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم سێ ڕەوت سەری هەڵدا یەك باڵی ڕاست یان سۆسیالشوینیزمەکان ، ئەوانی تر باڵی لە سەرەخۆ سێەم ئەنتەرناسیۆنالیستەکان یان باڵی چەپ ، ئەم باڵە شۆڕشگێڕە بلشویکەکانی ڕووسیابوو بەڕێبەری لینین ، شۆڕشگێڕانی ئەڵمانی بە ڕێبەری کارل لینکنشت و حیزبی سۆسیالیزمی چەپی بۆلگارستان و.... هیتد. لە بەر دەگرت . شەڕی یەکەمی جیهانی و خەیانەتی ڕێبەرانی ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم لیدرەکانی ریفۆرمیست کە بڕیارە کانی کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوەیان ئاشکرا لە ژێرپێ داناو بەرە بەرە لە نێو خۆی ئەحزابی کرێکاری بووە هۆی پەرەسەندنی خەبات و پێك هاتنی گرووپە کانی شۆڕشگێڕ و مارکسیستی ڕاستەقینە . لە ساڵی ١٩١٥ لە تمیمروالدلە سویسڕا یەکیەتیە سۆسیالیستیە کانی ئەنتەرناسیۆنالیست پێکهات کە ڕێبەری باڵی چەپی لە ئەستۆی وەلادیمێرئیلیچ لین بوو . شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ سەرکەوتنێکی مەزنی سۆسیالیزمی زانستی و مارکسیزم _ لینینیزم و هەنگاوێگی گرینگ بۆ پێك هێنانی ئەحزابی شۆڕشگێڕی کرێکاری بوو کە بە پێی نەریتی ئەو کاتی مارکس و بۆ پیشاندانی جیابوونەوەی تەواو لە ئەنتەرناسیۆناڵی ڕێفۆرمیستی دووهەم ، ئەم ئەحزابە ، ئەحزابی کۆمۆنیست بەناوبانگ بوون . ئەنتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی یان ئەنتەرناسیۆناڵی سێهەم کە بە کۆمینتڕن بە ناوبانگن لە ئەم ئەحزابە شۆڕشگێڕانە پێکهات و لە ساڵی ١٩١٩ هەتا ساڵی ١٩٤٣ بە چالاکی کە خاڵی ئاڵووگۆڕ و وەرگەڕانی لە مێژووی جووڵانەوەی کرێکاری پێکهێناو درێژەی دا . ئەنتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی ڕێکخراوی شۆڕشگێرانەی نێونەتەوەیی و ناوەندی ڕێبەری جووڵانەوەی کرێکاری جیهانی بوو . یەکەم کۆنگرەی ئەوان لە مانگی مارس ساڵی ١٩١٩ بە بەشدار بوونی ئەحزاب و گرووپەکانی کۆمۆنیستی ٣٠ وڵاتی جیهان بەسترا و بۆ یەکەم جار لەوێی دا ئەحزابە شۆڕشگێری ولاتەکانی ڕۆژهەڵات و ئاسیاییش بەشدار بوون . پێش ئەوەی کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بە ڕێبەری لینین لە مانگی ژانویە ی هەمان ساڵ دا بە بەشداری ٨ حیزب و ڕێکخراوەی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی بانگێشت کران بۆبەشداربوون لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵی کۆمۆنیستی . کۆنگرە لە پەیامی خۆی دا بۆ پرۆلیتاریای سەرانسەری جیهان چینی کرێکاری بانگە واز کرد بۆ خەباتی جیددی و وەدەست گرتنی دەسەڵاتی سیاسی . بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی مارکسیستی بە توندی لە ئۆرووپا و ئاسیاو ئامریکا پەرەی سەند و بەڵاو بووە وە . ئەحزابی نوێی کۆمۆنیستی لە زۆربەی وڵاتەکاندا دامەزرا لەم قۆناخە دا بزووتنەوەی کرێکاری ، هەم لە لایەن ڕەوتی لە سەرەخۆ کە لە ژێر ئەم ناوە دا بەرگریکەری ئۆپۆرتۆنیسم بوو هەڕەشەی لێ دەکرد ، و هەم لە لایەن نەخۆشی چەپی و سکتاریسم کە لە ئەحزابی لاو و بێی ئەزموون زەمینەی سازکرا بووەوە . کۆنگرەی دووهەمی ئەنتەرناسیۆناڵیکۆمۆنیستی لە ساڵی ١٩٢٠ یە بەشداری ٤١ حیزب بەسترا ڕۆڵی گینگی لە خەبات دژی ڕەوتەکانی ناسراو بە چەپ ڕەو کە لە گەڵ بەشدار بوونی کۆمۆنیستەکان لە پەرلمان و لە سەندیکاکانی ژیچر ڕێبەری ڕێفۆرمیستەکان دژایەتیان کردو بە کردەوە ئامرازەکانی جۆر بە جۆری خەباتی شۆڕشگێڕی حیزبی کۆمۆنیستیان لەو وەر دەگرت ، بڵاوبوونی کتێبی بەناوبانگی لینین بە نێوی ( نەخۆشی منداڵانەی چەپ ڕەوی لە کۆمۆنیزم )کە لە ئامادەکردنی ئەم کۆنگرەو

←

سەرکەوتنی ئەورۆلّی سەرەکی هەبوو . کۆنگرەسەبارت بەرۆلّی جووتیاران و خەلّکی ولآتانی ژێر ڕەکیف و دیل کراو شێوازی کۆمۆنیستەکانی ڕوون کردەوە . لە کاتی بەستنی کۆنگرەی حەوتەم کۆمینترن سەرنجی تایبەتی لە خەبات دژی فاشیزم دا . لە جیهان دا ٧٦ حیزبی کۆمۆنیستی هەبوو کە تەنیا ٢٢ جیزبیان ئاشکرابوون ، ئەوانی تریان کە ٥٤ حیزب بوون لە هەل و مەرجێکی نهێنی دا چالاکیان هەبوو . پاش دەس پێکردنی شەڕیدووهەمی جیهانی تەواوی ئەحزابە کۆمۆنیستەکان چالاکی گەورەیان دژی فاشیزم ڕکخست و قارەمانانە لە ولآتە داگیرکراوەکاندا بزووتنەوە کانی بە هێزی بەرگریان ڕێبەری کرد . لە کاتە دا ئەرکی ئەحزابی کۆمۆنیست زۆرتر لە پێش نادیار و پر لە گرێیۆ هەل و مەرجی خەباتی جۆربە جۆری و جیاواز بوو . ئەحزابی کۆمۆنیستوەرەیان سەندو پتەو بوون و لە گەلّ ئەزموون و لێهاتوویی خەباتیزەحمەتکێشانی ولآتی خۆیان ڕێبەری دەکرد . لەم هەل و مەرجەدا مانەوەی ناوەندێکی ڕێبەری دژایەتی لە گەلّ پەرەسەندنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دا هەبوو و دەس تێی وەردانەکانی ڕێکخراوەیی لە کارو باری ئەو ئەحزابانە دا ئاکامی باشی نەبوو هیچ بەلّکوو زەرەرێکی زۆری بار دەهێنا . لە سالّی ١٩٤٣ بڕیاری هەلّوەشانەوەی ئەنتەرناسیۆنالّی کۆمۆنیستی بە پەسەندکردنی زۆربەی هەرە زۆری حیزبە کۆمۆنیستیەکان گەیشت . ڕۆلّی مێژوویی کۆمینترن بە هێز و پتەو کردنی پێوەندی و یەکگرتوویی نێوان زەحمەتکێشان ، ئەزموونی تر کردن و لینینی کردنی ئەم ئەحزابانە و دیاری کردنی بنەماکانی گشتی تیئۆریکی و ڕاگەیاندنی ئەحزابی کۆمۆنیست بوو . ئەمە بوو کورتەمێژوویێك لە پێکهاتن و چالاکی ئەنتەلارناسیۆنالّ. ئێستا بەرێوە بردنی ئوسوولی ئەنتەرناسیۆنالیزمی یەکگرتووی نێونەتەوەیی زەحمەتکێشان لەگرینگترین ئوسوولی پێوەندیەکانی نێوان ئەحزابی کۆمۆنیست و کرێکاریە کە هەر یەك سەر بە خۆ و لە گەلّ ناسینی کۆمەلّگای خۆیان پەروەردە گشتیە کانی مارکسیسم _ لینینیسم یان لە ولآتەکانی خۆیان بە کار دێنن و هەروەها لە شێوەکانی جۆر بە جۆر وەك پێوەندیراوێژکاری دوولایینەو چەن لایینە ، کۆنگرەکانی ئەحزابی جۆر بەجۆر ، هاوکاری و یارمەتی تایبەتی ، ئۆرگانی ڕۆژنامەوانی و زانیاری و تیئۆریکی هاوبەش و پێکهێنانی کۆنفرانسەکانی ناوچەیی و یان پێکهێنانی کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری جیهانی کەلّکوەر دەگرن و ئالّ و گۆڕی بیرووڕایان بکەن و سەبارەت بە دیاری کردنی شێوازی گشتی باس و پێداچوونەوە دەکەن . بە لە بەر چاو گرتنی هەل و مەرجی ئێستای جوولآنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی و بەر بلآوی و لاوازی ڕەوتەچەپ و کۆمۆنیستەکان و هەروەها هێرشی بەردەوامی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری بۆ سەر ئازادیە دیمۆکراتیەکان و مافی مرۆڤ پێویستی نزیك بوونەوە و چالاکی هاوبەش بە مەبەستی بەرپەرچ دانەوەیپیلان و هێرشی هاوبەشی سەرمایەداری لە ئاستی جیهانی دا کە نموونەی زۆر ئاشکرای ئەو پیلانی جیهانی کردنی سەرمایە و لاواز کردنی ڕۆلّی دەولّە تانی ناوچەیە لە کاروو باری سیاسی و ئابووری و لە ئاکام دا ئاژاوە گێڕی و هەلّگیرساندنی شەڕو قەیرانی ناوچەیی جیهانیە کە بەرهەمی ئەو تەنیا چارە ڕەشی و هەژاری خەلّکی هەژارو بێی دەسەلآتە.

پێویستێکی زۆر گرینگە کە دەبیّ هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان هێزو توانیان بەم مەبەستە وە گەڕ بخەن ز جوولآنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی سەرە ڕای بەربلآوی و پاشەکشە لە ئاستی جیهانی دا هەر ئێستاش بە هۆی سیاسیەتی ئابووری و کۆمەلآیەتی سەرمایەداری لە پووتانسیلێکی گەورە بەهرەمەندە و دەبی ئەحزابی چەپ و کۆمۆنیستی لەم هەل و مەرجە بە سەر بە خۆ زەمینەکانی گەشەو پەرەسەندنی ئەم جوولآنەوەیە خۆش بکەن و ڕێبەری بزاڤی یەکسانی خوازی و ئازادیخوازانەی خەلّکانی ولآتانی دەسەلآت داروو بن دەست بە دەستەوە بگرن .

ووشەی ئەنتەرناسیۆنالّ مانایێکی تریشی هەیە و ئەویش نێوی سروودێکی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و تەواوی کۆمۆنیستەکانی جیهانە . دانەری شیعری ئەم سروودە "ئۆژن پۆتیە " یە و دەرهێنانی ئاهەنگی ئەو سروودە " پییەردگیتر" بوو ، " ئۆژن پۆتیە کرێکاریکی شاعیر بوو لە کۆمۆنی پاریس دا بەشدار بوو . شیعرە کانی ئەو بەردەوام وێردی زبانی کۆڕوو کۆمەلّ شۆڕشگێڕەکان بوو. پاش شکستی کۆمۆنی پاریس لە سالّی ١٨٧١ ئەو لە دژوارترین هەل و مەرجی چاوەدێری بە گەش بینی و خۆش بینی شۆڕشگێڕانەی سەر سوور هێنەر شێعری تازەی خۆی لە ( بەیتی هەستە ئەی داخی نەفرەت لێکراو ) بە عینوانی ( ئەنتەرناسیۆنالّ ) داینا و وەرگێر بۆ سەر زبانی فارسی ( ئەبوولقاسم لاهووتی ) یە . پۆتیە خۆی ئەندامی ئەنتەرناسیۆنالّی یەکەم بوو . بە درێژای سالّەکانی سەخت و دژواری دوورخستنەوەی ئەو نەی توانی شێعرەکانی لە چاپ بدات ، پاش ماوەیێکی زۆر کە برێك لە شێعرەکانی لە

چاپ درا کرێکارێکی مۆسیقار ناسراو به پییه‌ردگیتر ئاهه‌نگی بۆ دانا. پاش ئوه ئیدی له ته‌واوی شه‌ڕه‌کاندا و خۆپیێشاندانه‌کانی کرێکاری ( ئه‌نته‌رناسیۆناڵ ) وه‌ك یه‌كێك له خۆشه‌ویست ترین سرووده‌کانی شۆڕشگێڕانه شوور و ئیلهامی به زه‌حمه‌تکێشانی شۆڕشگێڕده به‌خشی له‌و کاته‌وه ئه‌م سرووده مارشی سه‌رکه‌وتوانه‌ی خۆی یه‌که‌م جار له به‌لجیك و فه‌رانسه وپاشان له سه‌ر تا سه‌ری جیهان ده‌ستی پێکرا ز

پییه‌ردگیتریش بۆ خۆی له ته‌مه‌نی پیری‌دا توانی به پێی ڕێوڕه‌سمی یازده‌یه‌مین ساڵڕۆژی شۆڕشی مه‌زنی ئۆکتۆبه‌ر له گۆڕه‌پانی سووری مۆسکۆ ئاوازێکی بزوێنه‌ر و هه‌ست بزوێن سه‌ر که‌وتوانه‌ی ( ئه‌نته‌رناسیۆناڵ) ببیسێ . سروودێکه له جێژن و شادی ، له گۆڕه‌پانی ئیعدام و له نێو شه‌ڕدا ، له‌شوورو گه‌رمای خۆپیێشاندانی خه‌ڵکی ئیمانی کۆمۆنیسته‌کان به سه‌رکه‌وتنی جیهانی نوێ و کۆمۆنیزم ڕاده‌گه‌یێنێ .

**ناو نیشانی ڕێکخراو له سه‌ر توری ئینته‌رنێت :**
www.fedayi.org
**پۆستی ئه‌لکترونیکی ڕێکخراو:**
webmaster@fedayi.org
**پۆستی ئه‌لکترونیکی کومیته‌ی کوردستان :**
rdistanKu@fedayi.org
**ژماره فاکسی په‌یوه‌ندیه گشتیه‌کانی ڕێکخراو:**
0046317792571

## لیسته‌ی شه‌هیدانی ڕێکخراو له مانگی خه‌رمانان له کوردستان .

**١-یه‌عقووب ته قد یری ( ئه‌میر )**
**٢-ئه‌نوه‌ر ئه‌عزه‌می**
**٣-ته‌هموورس ئه‌کبه‌ری**
**٤-ئه‌حسه‌ن ناهید**
**٥-شه‌هریار ناهید**
**٦-جه‌میل یه‌خچاڵی**
**٧-ناسر سه‌لیمی**
**٨-سه‌عیده کریمیان**
**٩جه‌واد کارش**
**١٠-قاسیم مه‌عروفی**
**١١- ئه‌بوبه‌کر ئارمان**
**١٢-ڕه‌شید یزدانپناه ( سمکۆ )**
**١٣- بیژه‌ن جه‌نه‌تی**
**١٤- مورته‌زا خودامورادی**
**١٥- مسته‌فا شه‌مسه‌دینی**
**١٦- به‌هزاد شه‌هلایی**

**بگذار بذر (( تیر )) چون جنگلی بروید در آفتاب خون**

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ، دامه‌زرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی**